# ڕەخنەی ڕەوشتی وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەكانی بەختیار زێوەر

**ID No. 378**

(PP 314 - 331)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.5.18

**هیمداد حسین بكر**

كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر

Hemdad.bakir@su.edu.krd

**باسل تیمور اسماعیل**

كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر

basl.ismail@student. su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/06/22**

**پەسندكردن : 2022/08/11**

**بڵاوكردنەوە : 2022/10/25**

**پوختە**

ڕەوشت هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسوكەوتە چاك و خراپانە دەگرێتەوە، كە تاكەكانی كۆمەڵ ئەنجامی دەدەن، چاكی و خراپییان لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی تر دەگۆڕێت، هەر وەك چۆن لە كۆمەڵگایەكی دیاریكراویشدا بە درێژایی كات گۆڕانیان بەسەردا دێت. ڕەوشت بە یەكێك لە ڕەگەزە گرنگەكانی پێكهاتی تێكستی ئەدەبی بەشێوەیەكی گشتی و تێكستی شیعر بە تایبەتی دادەنرێت. ڕەخنەی ڕەوشتی گرنگترین و لۆژیكترین و دروسترین كارێكە كە لەسەر ناوەرۆكی كارە ئەدەبییەكان بۆ دەستنیشانكردنی بابەتە ڕەوشتییەكان و دیاریكردنی شێوەی بەكارهێنان و ڕەنگدانەوەیان لەنێو بەرهەمی ئەدەبی دا بەكاردێت. ئەم لێكۆلینەوە هەوڵێكە بۆ هەڵسەنگاندنی دیوانی شیعری بەختیار زێوەر بە پێی پێوەر و بنەماكانی ڕەخنەی ڕەوشتی، كە ئایا شیعرەكانی بەختیار زێوەر كۆمەڵگە بۆ ڕەوشت و چاكەكاری ئاراستە دەكات، یاخود كۆمەڵگە بۆ خراپەكاری و بەد ڕەوشتی ئاراستە دەكات. لەلایەكی ترەوە ئەم توێژینەوە دەبێتە ڕێگە خۆشكەر بۆ ڕەخنەگری ئەدەبی لەكاتی شیكردنەوەی دەق بەپێی بنەما و پێوەرە ڕەوشتییەكان.

**كلیلە وشەكان:** ڕەوشت، ڕەخنەی ڕەوشتی، بنەماكانی ڕەخنەی ڕەوشتی، شیكردنەوەی دەقی شیعری، شیعرەكانی بەختیار زێوەر.

## پێشەكی:

ڕەخنەی ئەدەبی لقێكی ئەدەبناسییە، بەپێی تێپەڕبوونی كات بەرەوپێشچوونی بەخۆوە دیوە و لە هەر سەردەمێك بەشێوەیەك لە شێوەكان مامەڵەی لەگەل بەرهەمی ئەدەبی كردووە. بەمەش ئاراستەی جیاوازی ڕەخنەیی پەیدابووە و هەریەك لە ئاراستەكان كۆمەڵە میتۆدێك لەخۆ دەگرن. ڕەخنەی ڕەوشتی یەكێكە لەو میتۆدانەی سەر بە ئاراستەی هونەر بۆ كۆمەڵە و بەدیاریكراوی هونەر بۆ ڕەوشتە،كە كار لەسەر ناوەرۆكی بەرهەمی ئەدەبی دەكات.ڕەخنەی ڕەوشتی كۆنترین میتۆدی ڕەخنەییە، كە شیكردنەوەی بەها و بابەتە ڕەوشتییەكانی دەقی ئەدەبی لەبەرچاو دەگرێت. سەرەتاكانی دەركەوتنی ئەم میتۆدە بۆ ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە،كە ڕەخنەی لە ڕوانگەی ڕەوشتی گرتووە. دواتر گرنگیدان بە شیكردنەوەی دەق و هەڵسەنگاندنی لەڕوانگەی ڕەوشتەوە ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەردەوامی هەیە.

## گرنگی لێكۆڵینەوە:

گرنگی ئەم لێكۆڵینەوە لەوەدایە،كە میتۆدیكی ڕەخنەیی ئەدەبی بەناوی ڕەخنەی ڕەوشتییەوە بەكارهێنراوە بۆ هەڵسەنگاندنی دیوانی شیعری بەختیار زێوەر. ئەمە لە كاتێكدا تاوەكو ئێستا هیچ لێكۆڵینەوەیێكی ڕەوشتی سەبارەت بە دەقی ئەدەبی و بە دیاریكراوی لە شیعری نوێی كوردیدا ئەنجام نەدراوە.

## كێشەی لێكۆڵینەوە:

دیارنەبوونی سنووری ڕەخنەی ڕەوشتی و ڕێگاكانی بۆ شیكردنەوەی دەق وایكردووە لەمر لێكۆڵینەوەیەدا ئەم كێشەیە باسكراوەو چارەسەر و دەستنیشانكردنی سنوور و پێوەرەكانی ڕەخنەی ڕەوشتی و دیاركردنی ئەو ڕێگایانەی پێویستە ڕەخنەگری ڕەوشتی بیگرێتە بەر بە مەبەستی شیكردنەوەی تێكستی ئەدەبی ئاماژەی پێكراوە.

**سنووری لێكۆڵینەوە:**

سنووری لێكۆڵینەوەكە لە میانەی تازەكردنەوەی شیعری كوردی لە شێوەزاری كرمانجی ناوەڕاست و بە تایبەتی ئەزموونی شیعریی بەختیار زێوەر وەكو كەرەستەی رەخنەی رەوشتی وەرگیراوە.

**ئامانجی لێكۆڵینەوە:**

ئامانجی ئەم لێكۆلینەوە هەڵسەنگاندنی شیعرەكانی شاعیرە بە مەبەستی دەستنیشانكردنی كاریگەریی ڕەوشتیی شیعرەكانی لەسەر كۆمەڵگە. ئایا شیعرەكانی پێشەنگی و رابەری خوێنەر دەكەن، یاخود بە پێچەوانەوەو ئاشانكردنی خوێنەرانی ئەدەبی كوردییە بە شێوازی شیكردنەوەی تێكست لە ڕوانگەی بنەما و پێوەرەكانی رەخنەی رەوشتی، كە تاكو ئێستا بەپێی پێویست شێوازەكەی دیاری نەكراوە.

**ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە :**

ڕێبازی بەكارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕێبازی (وەسفی-شیكاریی).

**بنیادی لێكۆڵینەوەكە:**

ئەم لێكۆلینەوە بۆ دوو تەوەرەری سەرەكی دابەشكراوە. تەوەری یەكەم تیۆرییە، تایبەتە بە چەمك و زاراوەی ڕەوشت و جیاوازی ڕەوشت و ئاكار و خستنەڕووی بنەماكانی رەوشت و چەمك و پیناسەكانی رەخنەی رەوشتی و ڕێژەیی رەخنەی رەوشتی و دەرهاوێشتە فكرییەكانی و دەستنیشانكردنی بنەماكانی لەخۆدەگرێت. تەوەری دووەم پراكتیكییە تایبەتە بە شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی شیعرەكانی بەختیار زێوەر لە ژێر تیشكی پێوەرەكانی ڕەخنەی ڕەوشتی و پێوەرە ئایینی و رەوشتییەكانی كۆمەڵگەی كوردی و پیشاندانی شێوازی شیكردنەوەی دەق بەپێی پێورەكانی ڕەخنەی ڕەوشتی، بۆ ئەم مەبەستە پشت بە بنەما ڕەخنەییە ڕەوشتییەكان دەبەسترێت. كە بریتین لە (پێشەنگی و ڕابەری دەق، ورياكردنەوە و پەند وەرگرتن، شارەزایی و لیهاتوویی نووسەر).

**1- ڕەوشت و رەخنەی رەوشتی:-**

**1-1چەمك و پێناسەی ڕەوشت:**

ڕەوشت پەیوەندیەكی بەردەوامی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و بۆتە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتار و ئاكاری مرۆڤەكان. وەك چەمكێكی گشتگیر زاراوەی جیاوازی بۆ بەكارهاتووە. لە زمانی یۆنانیدا (Ethic) بۆی بەكاردێت. ڕەگ و ڕیشەكەی بۆ (Ethos) دەگەڕێتەوە، كە ئەم مانایانە لەخۆدەگرێت ((خوو-عادات و لانە- هێلانە، ماڵ وكاراكتەر، مەزاج و سوونەت، نەریت))(عەلی، 2018، ل137). یۆنانییەكان زاراوەی دیكەیان بۆ ڕەوشت بەكارهێناوە. (ئەرستۆ) لە كتێبی (ئاكاری نیكۆماخۆس)دا ئاماژەی بە ((چەمكی ((ethika(كاكی، 2014، ل46)داوە. هەروەها یۆنانییەكان هەر لە كۆنەوە بۆ ئاماژەدان بە ڕەوشت وشەی (Ethikos) یان بەكارهێناوە))(عبدالرحمن، 2000، ل17). كە Ethikos))یش بە واتای ڕەوشتی دێت. لاتینییەكان بەسوود وەرگرتن و گواستنەوەی زاراوەی Ethikos))ی یۆنانیی بۆ نێو زمانی خۆیان ((وشەی Moralis))یان بۆ ڕەوشت بەكارهێناوە))(عبدالرحمن،2000، ل18). لە زمانی عەرەبیدا ((وشەی (الاخلاق) بەكاردەهێنرێت، ئەمیش لە كۆی وشەی (الخلق)ە، (خلق)یش سیفاتێكە لەناو دەروونی مرۆڤدایە، بانگهێشتی دەكات بۆ كرداری چاكە یان خراپە))(عەبدوڵلا، 2010، ل151). لە زمانی فارسیدا بەرامبەر ئەم چەمكە دوو دەربڕین هەیە ((یەكێكیان وشەی (ئەخلاق)، ئەویتریان بنەما ئەخلاقی (اصول اخلاقی) بەكاردەهێنرێت. ... هەردوو وشە مانایەكی گشتی هاوبەشیان هەیە ئەویش ڕەوشتە بەرزەكانە))(عەبدوڵلا، 2010، ل152-153). لە زمانی كوردیدا بەهۆی نەبوونی دەزگایەكی ڕەسمی بۆ یەكلاییكردنەوەی ئەم بابەتە و بەهۆی نەبوونی ڕێكەوتن لەنێوان نووسەر و ڕەخنەگرەكاندا، زاراوە و واتای جیاواز بەكارهاتووە وەك (ڕەوشت، ئاكار، ئەخلاق، ئەدەب، خوو، ڕەفتار، ئابڕوو، رەوتار، هەڵس و كەوت، داوێن پاك)، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی هەردوو چەمكی (ڕەوشت – ئاكار) بەرامبەر (ئەخلاق)ی عەرەبی دادەنرێت ئەگەرچی لەزمانی ڕۆژانەدا هەردوو چەمكی (ڕەوشت) و (ئاكار) بۆ یەك مەبەست بەكاردەهێنرێت، بەڵام جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە.

بەبۆچوونی ئێمە ئەم جیاوازییە خۆی لە لایەنی تیۆری و پراكتیكیدا دەبینێتەوە. زاراوەی ئاكار بەرامبەر (moral) دەوەستێت. مەبەست لە ئاكار لایەنە پراكتیكییەكەیە، كە گوتار و كرداری ئینسان دەگرێتەوە. هەرچی زاراوەی (ڕەوشت)ە بەرامبەر Ethic)) دەوەستێت. مەبەستمان لە ڕەوشت لایەنە تیۆرییەكە و شێوە گشتییەكەیە، واتە ئەو دیوە گشتییەی لە هزری مرۆڤدایە و دواجار لە ڕێگەی ئاكار و ڕەفتارەوە لە جیهانی دەرەكیدا بەرجەستە دەبێت. ڕەوشت لەو چەمكە فراوانانەیە، كە لەگەڵ سەرەتای مرۆڤایەتیدا بوونی هەبووە. دیاریكردن و خستنەڕووی پێناسەیەكی جێگیر و نەگۆڕ بۆی ئاسان نییە، چونكە بەپێی جیهانبینی مرۆڤەكان و

سروشتی کۆمەڵگەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لێرەدا هەوڵدەدەین تێگەیشتنی هەندێك لە فەیلەسووف و بیرمەند و ڕەخنەگران سەبارەت بە چەمکی ڕەوشت بخەینەڕوو.

بەپێی بۆچوونی فەیلەسوفی یۆنانی (ئەرستۆ) ڕەوشت و عەدالەت ((بریتین لە هەرسێ هێزە سەرەکییەکەی مرۆڤ، واتە (هێزی حەز، هێزی توڕەبوون، هێزی عەقلانی) بە هاوسەنگی بمێننەوە))(مودەریس، 2005، ل97). واتە ڕەوشت لای ئەرستۆ پەیوەستە بە هاوسەنگی ئەم سێ هێزە، تێکچوونی ئەم هاوسەنگییە بەدڕەوشتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. فەیلەسووفی سەردەمی نوێ (نیتچە) بڕوای وایە ڕەوشت ((بەجۆرێك لە جۆرەکان بەستراوەتەوە (بەهێز)ەوە و داهێنراوی بەهێزەکانە، ئەوان پێناسەی چاکە و خراپە دەکەن))(بابایی، 2006، ل6). واتە ڕەوشت لای نیتچە پەیوەستە بەهێزدارەکانەوە. ئەو ئامرازەیە، کە بەهێزەکان لاوازەکانی پێدەچەوسێننەوە. نووسەری فەرەنسی (پاسکال) ئاماژە بە زانستی بوونی ڕەوشت دەکات دەڵێت: ((زانستێکی ئەنترۆپۆلۆجیە))(مرحبا، 1988، ل31). واتە ڕەوشت زانستیکی مرۆڤناسییە. ئەو کارانەی بابەتی لێکۆڵینەوە و حوکمی ڕەوشتین کاری مرۆڤن. ڕەخنەگر و زانا موسوڵمانەکانی وەك (غەزالی، ابن عەرەبی، ابن مسکویە، جرجانی) لە پێناسەکردنیان بۆ ڕەوشت هەمان بۆچوونیان هەیە. کاتێك ڕەوشت بە دەروونی مرۆڤ دەبەستنەوە. (ئیبن عەرەبی) دەڵێت: ((ڕەوشت ئەو حاڵەتەی دەرونی مرۆڤە، کە مرۆڤ بەهۆیەوە کار و کردەوەکانی دەکات بێ ئەوەی بیری لێبکاتەوە))(موسی، 2017، ل46). واتە ڕەوشت لە بنچینەدا بۆ لایەنی دەرونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەبێت بەبێ بیرکردنەوە لێی. زانای کۆمەڵناسیی مێژووی هاوچەرخی ئێرانی (عەلی شەریعەتی) لە پێناسەکردنی ڕەوشتدا دەڵێت: ((ڕەوشت بریتیە لە هێزێك یاخود مەلەکەیەك،کە پاڵت پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و دووریشت دەخاتەوە لە نزیکبوونەوە و ئەنجامدانی کاری خراپە))(شەریعەتی، 2017، ل12). واتە ڕەوشت دەبێتە ئەو پاڵنەرەی بەرەو چاکەکاریمان دەبات و دوورمان دەخاتەوە لە خراپەکاری. ئەوەی خراوەتەڕوو پێناسەی بەشێك لە بیرمەندە خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتەکانە سەبارەت بە ڕەوشت.

**2-1 سەرچاوە و بنەماکانی ڕەوشت:**

لە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێك پێوەر و بنەما هەیە،کە ئاستی ڕەوشت و ڕەفتار و بەها بەرزەکان دیاری دەکات. ئەم پێوەرانەش بەپێی جیاوازی سەردەم و سروشتی کۆمەلگەکان جیاوازی دەبێت. لە ڕوانگەی تیۆری (فەرمانی ئیلاهی) ئایین دەبێتە سەرچاوە و بنچینەیەکی بەهێز بۆ دروستبوونی ڕەوشت، چونکە مرۆڤ لە ئاییندا سەرچاوەکانی بەها و ڕەوشت فێردەبێت. واتە پێوەری رەوشت بریتییە لە گەڕانەوە و پابەند بوون بۆ فەرمانە تەشریعییەکانی خودا. تیۆری ترمان هەیە وادەبینێت تەنانەت گەر فەرمانی خوداش نەبێت ڕەوشت هەر بوونی دەبێت. لە شارستانییەتی ئیسلامیدا (موعتەزیلە) نوێنەرایەتی دەکات، لە سەردەمی نوێشدا کۆمەڵێك فەیلەسووفی وەك (سارتەر، نیتچە و مارکس ...هتد) باوەڕیان وایە ((مرۆڤ دەبێتە بڕیاردەر لە بەهاکانی ئەخلاق و ناکرێت هیچ بەهایەك لە دەرەوەی توانا و ویستی مرۆڤ بۆ ئەخلاق دابنرێت))(ئەحمەد، 2006، ل53). واتە مرۆڤ بە پشت بەستن و گەڕانەوە بۆ ئەقڵ و هزری خۆی توانای دەستەبەرکردنی بەها ئەخلاقییەکانی دەبێت و پراکتیکی دەکات. هەروەها داب و نەریت وەك یاساو دەستورێکی نەنووسراو مۆرکی خۆی لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان داوە، وەك ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی بە یەکێکیتر لە بنەماکانی رەوشت دادەنرێت. چونکە ((ئەخلاق زۆرجار گوزارشت لە هەست و عورف و نەریتی خەڵك دەکات))(العوا، 1962، ل19). واتە بەهای ڕەوشت خۆی دەبینێتەوە لەگەل ڕفتار و دابونەریتی گونجاو. بەمەش ڕەوشت خستنەڕووی ((سۆز و دابونەریت و ئاکاری خەڵکە بە زمانێکی بێ وێنەی باڵا))(حمود، 2011، ل17). لێرەدا دابونەریت تەنها دەبێتە پێوەری ڕەوشتیی بۆ میللەتێك، چونکە هەر میللەتێك داب و نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە بە مەبەستی پەیڕەوکردنی وەك کردارێکی چاکە. بەبۆچوونی ئێمە ئایین و فەرمانە تەشریعییەکانی خودا بنەما و سەرچاوەی ڕەوشتە و مرۆڤ لە ڕیگەی ئەقل و ئەزموون و بیرکردنەوە پەی پێ دەبات و پراکتیکی دەکات. واتە بنەمای ڕەوشت ئایینە و ئەقلی مرۆڤ تەنها دەبێتە یارمەتیدەر بۆ بابەتەکە.

**1-3چەمك و پێناسەی ڕەخنەی ڕەوشتی:**

لە ئەنجامی خوێندنەوەی تیۆر و ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەردەکەوێت،کە ڕەخنەگران و لێکۆلەران چەند ڕێبازێکیان بۆ لێکۆڵینەوە لە کارە ئەدەبییەکان دیاریکردووە. (رینیە وێلیك) ڕێبازە ڕەخنەییەکانی بەسەر دوو باڵی سەرەکی دابەشکردووە ((ڕێبازی دەرەکی و ڕێبازی ناوەکی))(نادر، 2014، ل6). ڕێبازە دەرەکییەکان ئەو ڕێبازانەن،کە لێکۆڵینەوە لەسەر دەق دەکەن لەنێو بارودۆخی پەیدابوونەکەی. واتە کار لەسەر ناوەڕۆك و پەیامی دەق دەکەن، وەك ڕێبازەکانی ڕەخنەی (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، ڕەوشتی ..هتد). ڕێبازە ناوەکییەکانیش ئەوانەن، کە لێکۆڵینەوە لەسەر خودی دەقەکە دەکەن بەمەبەستی دیاریکردنی لایەنە هونەرییەکەی، کە لایەنی ڕیتم و مۆسیقا و شێواز و فۆڕمە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە. وەك ڕێبازەکانی ڕەخنەی (شێوازگەری،

بونیادگەری ..هتد). ڕەخنەی ڕەوشتی وەك زاراوە بەرامبەرەكەی لە زمانی عەرەبیدا (النقد الاخلاقی) بەكاردێت. لەزمانی ئینگلیزی (moraly criticism)ی بۆ بەكاردێت. وەك ڕێبازێكی رەخنەیی ((گرنگی بەو كاریگەریە دەدات، كە ئەدەب لەسەر كۆمەڵگای جێ دەهێڵێت، وە لەسەر دەروونی تاكەكان و ڕەوشت و هۆشیارییان))(گەردی، 2021، ل93). واتە ئەو جۆرە ڕەخنەیە لەو كاریگەرییە ڕەوشتییانە دەكۆڵێتەوە، كە دەق لەسەر وەرگری جێدێلێت. جا ئەو كاریگەرییە ڕەوشتییە باش یان خراپ بێت. هەروەها لەم جۆرە ڕەخنەییەدا ئامانج لێی فێركردن و هۆشیاركردنی تاكەكانی كۆمەڵگەیە. واتە گرنگیدان بە كرداری فێربوون لە بەرهەمی ئەدەبی، چونكە ئەدەبییات بەگشتی و بەشێوەیەكی تایبەت شیعر ئەو پەیامە ڕەوشتی و مرۆڤایەتییەیە بەهۆیەوە دەتوانرێت كۆمەڵ بەرەوپێش ببات لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی پێشكەوتوتر. یاخود ڕەخنەی ڕەوشتی ((كۆمەڵە دەستوورێكی ڕەوشتی تایبەتە ئەگەر ڕەخنەگر لە توێژینەوەی دەقدا بەكاری هێنا ئەوا ئەو توانایایەی پێدەبەخشێ،كە لەسەر ئەو كاریگەرییە بوەستێت كە دەق لەسەر وەرگری دروست دەكات))(گەردی، 2021، ل93). لەبەر گرنگی ڕەوشت لەنێو بوارە جیاوازەكانی ژیاندا. ڕەوشتگەراكان هەمیشە باوەڕیان وایە ئەدەب دەبێت لە خزمەتی ڕەوشتدا بێت واتە ((ڕەوشتیبوونی ئەدەب تاكە پێوەری بەهادانانە لە بەرهەمە ئەدەبییەكان))(ئیمامی 2018، ل225). ڕەخنەی رەوشتی یەكێكە لەو ڕەخنانەی لە ڕوانگەی ئەركی ئەدەبەوە دێتە ئاراوە و كار لەسەر ئەو كاریگەرییە ڕەوشتییە دەكات، كە دەق لەسەر وەرگری جێدەهێڵێ. وەڵامی كۆمەڵێك پرسیار دەداتەوە وەك باشە و خراپەی دەق چییە؟ یاخود ڕاستی و هەڵە كامەیە؟ بەرژەوەندی ڕەوشتی و ڕەفتاری كامەیە؟ نووسەر چۆن و بە چ شێوەیەك هەوڵی بلاوبوونەوەی ڕەوشت و پەرەسەندنی دەدا؟

**1-4مێژووی ڕەخنەی ڕەوشتی و ڕابەرەكانی:**

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی، دەردەكەوێت ڕەخنەی ڕەوشتی كۆنترین جۆری ڕەخنەیە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی. (ولبر سكوت) دەڵێت: ((بێگومان لەنێوان ئەو جۆرە ڕەخنە جیاوازانەی كە ئەمڕۆ بەكاردەهێنرێن ڕەخنەی ڕەوشتیی درێژترین مێژووی هەیە))(اسماعیل و الخلیای،1981، ل27). واتە ڕەخنە لە دەق لەڕوانگەی ستاندارده ڕەوشتییەكانەوە بە بەراورد لەگەڵ جۆرەكانی تری ڕەخنەدا تا ئێستا مێژوویەكی درێژتر و خاوەنداری زیاتری هەیە، چونكە هەر لەوكاتەی بەرهەمی ئەدەبی هەبووە گوزارشتی لە لایەنە باش و خراپەكان كردۆتەوە. رەخنەی ڕەوشتی بەشێوەیەكی سەرەتایی بۆ بۆچوونەكانی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە. كە رەخنەی لە روانگەی رەوشتییەوە گرتووە. لە سەدەی شەشەمی پێش زایینی ڕەوشت جۆرە دژایەتییەكی لە نێوان شیعر و زانستی فەلسەفەدا بەرپاكرد. فەیلەسوفان ڕەخنەیان لە شیعر گرت و پشتیوانییان لێكرد لەسەر بنەمای ڕەوشتی. یەكێك لە دیارترین ئەو فەیلەسوفانەی ئەم بابەتەی وروژاند (ئەفلاتوون)ە. لە كۆمارەكەیدا بەشێوەیەكی ئاشكرا ئاماژەی بەو كاریگەرییە ڕەوشتی و بەها ڕەوشتییانە داوە، كە دەق لەسەر وەرگرەكانی بەجێدێلێت. واتە ڕەوشت یەكێكە لەو هۆكارە گرنگانەی كە ئەفلاتوون بەهۆیەوە هێرشی توندی كردۆتە سەر شیعرو شاعیران، چونكە ((شیعر ئەو هەوەس و ئارەزووانە هار دەكا كە پێویستە دابمركێنەوە))(گەردی، 2010، ل25). واتە شیعر مامەڵە لەگەل هەست و سۆز دەكات نەك عەقل. هەست و سۆزیش بەلای (ئەفلاتون)ەوە بە خاڵی لاوازی مرۆڤ دادەنرێت. بەمەش شیعر كاریگەرێكی خراپ و نەرێنی دەكاتە سەر ڕەوشتی خەڵك.هەروەها شاعیران ((وێنەی خواوەند و پاڵەوانەكان بەشێوەیەكی خراپ لە لە شیعرەكانیان پیشان دەدەن))(شعراوی، 1999، ل103). واتە لەجیاتی ئەوەی شاعیران بە شیعرەكانیان بنەماو بەها پیرۆزە ئاینییەكان بۆ خەڵك ڕوون بكەنەوە و فێریان بكەن. كەچی گاڵتە بە خواوەندەكان دەكەن و سنوورە ئاینییەكان دەبەزێنن. لەكۆمارەكەیدا دەگات بەوەی، كە چیتر بەرهەمی شاعیران نابنە سەرچاوە و بنەمای رەوشت و ئاینی یۆنانییەكان. بەشێوەیەك دەبێت حاشا لەو شاعیرانە بكرێ و لە كۆمارەكەی فرێیان دەداتە دەرەوە. پێش ئەفلاتوونیش (ئەریستۆڤانیس) لە شانۆگەری (بۆقەكان)دا روانینی رەوشتی و رەخنەیی نواندووە. ئەرستۆڤانیس وادەبینێت مەبەستی ئەدەبیات زیاتر مەسەلەیەكی ڕەوشت و رەوشت پەروەرییە. پەیوەستی كردووە بە خورەوشت و داب و نەریتە كۆنەكانی یۆنانی و بنەما ئایینییەكانی كۆنی یۆنانی.

ئەرستۆ باس لە سوود و كاریگەری شیعر دەكات، كاتێك زاراوەی (پاككردنەوە)ی لە پەرتووكی خۆیدا لەژێر ناونیشانی (ڕەوشت) باسكردووە. پێی وایە شیعر بەدیاریكراوی تراژیدیا هۆیەكە بۆ پاكبوونەوەی دەروونی مرۆڤ، چونكە دەبێتە مایەی وروژاندنی سۆزی ترس و بەزەیی دواجار پاكبوونەوە لەم دوو سۆزە ڕوودەدات. بەبینینی ئەرستۆ ((هاوسەنگی هەلچوونی، دەروونی و ویژدانی تراژیدیا لە ڕێگەی پاككردنەوەدا دروستی دەكات، ئەمەش دەبێتە مایەی هاوسەنگی ڕەوشتی بەم مانایەش ئەرستۆ وەڵامی ئەفلاتون دەداتەوە، كە وای بۆ دەچوو شیعر ڕەوشت تێك دەدات، ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە شیعر ئەركێكی ڕەوشتی دەبینێ))(گەردی، 2010، ل40). هەروەها لە ئەدەبیاتی یۆنانی دا شاعیرە كلاسیكییەكانی وەك هۆمێروس و هزیۆد ((سەرچاوەی

سەرەکی بوونە بۆ باوڕی ئایینی و رەوشتی))(راغب، 2003، ل9). واتە لە شیعرەکانیان دا گەلێك مەبەست و لایەنی ڕەوشتییان وروژاندووە و لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێك زانیاری و ئامۆژگاری ڕەوشتییان پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵگە کردووە.

(هۆراس) لەمێژووی ڕەخنەی ڕەوشتی لەدوای هەریەك لە (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) بە گەورەترین ڕەخنەگر دادەنرێت،کە ((گرنگییەکی زۆری بە سوود و جوانی شیعر دەدا))(اسماعیل و الخلیای،1981، ل27). بۆیە هەمیشە لە ڕەخنەکانی دا ((پێداگریی لەسەر چێژ و فێرکاری دەکرد))(ئەحمەدی، 2014، ل67). هۆراس ((بۆ سوودبەخش بوونی شیعر لە تەك بەها هونەریی و جوانیناسییەکانی پشتی بە ڕەهەندە ڕەوشتییەکان بەستووە))(ئیمامی، 2018، ل223). چونکە پشت بەستن بە ڕەهەندە ڕەوشتییەکان جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی فێرکاری و سوودگەیاندن، کە هەمیشە هۆراس مەبەستی بووە.

ڕەتکردنەوەی شیعر و ئەرکی شیعری لەسەردەمەکانی دواتریشدا بوونی هەبووە، بەهۆی بوونی کۆمەڵێك شاعیری لادەر و سەرەڕۆ و بێباك بەرامبەر ڕۆژگاری سەردەم وایکردووە شیعرەکانیان بەتوندی ڕەتبکرێتەوە و بەبێ نرخ بزانرێت. بۆ نموونە ((موسوڵمانەکانی بەرایی جنێوفرۆشی و فەسادی و زەلالەتی هەندێ شاعیر وای کردبوو دژی شیعر بوەستنەوە))(حوسێن، 2020، ل21). سەرباری ئەو شیعرانەی کە بە مەبەستی نان پەیداکردن و بەدەستهێنانی پلەوپایە نووسراون، کە دەچێتە نێوی شیعری ستایش و داشۆڕین. ئەمەش بێ نرخکردنی شیعر و شاعیرانی بەدوای خۆیدا هێناوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە قورئانی پیرۆز دێت و بەراوردی لەنێوان شاعیراندا دەکات. دابەشی سەر دوو دەستەیان دەکات،کە بریتین لە شاعیرە (بڕوادارەکان)و (بێ باوەڕەکان). کاتێك خودای گەور لە سورەتی (الشعراء)دا دەفەرمووێت: }والشعراء يتبعهم الغاوون. الم تر انهم في كل واد يهيمون, وأنهم يقولون ما لا يفعلون, الا الذين امنوا و عملوا الصالحات وذكروا الله كثيرا, وانتصروا من بعد ما ظلموا وسيعلم الذين ظلموا اي منقلب ينقلبون{(قورئانی پیرۆز، 19, 224). واتە شاعیران فریودەرن و دووڕون، ئەوەی بە زمان دەیلێن لە کردەوەیان ڕەنگ ناداتەوە. تەنها بڕوا داران نەبن کە کاری چاکە دەکەن. واتە ئایینی ئیسلام (رەوشت) دەکاتە پێوەری شیعری باش و خراپ. بۆیە هەر شاعیرێك بە شیعرەکانی باسی لایەنی چاکە و ڕەوشتی باش بکات بە شاعیرێکی سەرکەوتوو دادەنرێت. پێچەوانەوەکەشی بە شاعیرێکی لادەر و خراپ دادەنرێت.

گرنگیدان بە ڕەهەندە ڕەوشتییەکان و لایەنی سوود گەیاندن پاشتر لە قۆناغی (ڕێنسانس)یشدا درێژەی هەبووە. رەخنەگری قۆناغی ڕێنسانسی ئینگلیزی (سیدنی) کە درێژەپێدەری بیروباوەڕی ئەرستۆ بوو. لە هەمان کاتدا ڕابەری کلاسیزمی نوێیە. ((گرنگی بە سوود و ئیستاتیکای شیعر دەدا))(اسماعیل و الخلیای،1981، ل27).. (سیدنی1554-1586) یەکێکە لە ڕابەرانی ڕەخنەی ڕەوشتی، کە شیعری بە ئەرکێکی ڕەوشتی گرێداوە و شاعیری بە مامۆستای ڕەوشت داناوە. بەڕادەیەك سیدنی ((ئەخلاقی لە هونەر و ئەدەب بەگرنگتر دادەنا))(مەنتك، 2018، ل51). لە وتارێکی بە ناونیشانی (کارتێکردنی ڕەوشتی لە هونەر)دا دەڵێت: ((هونەر بە سروشتی خۆی پرسیارە ڕەوشتییەکان دەوروژێنێت، ڕێگە دەدات کۆمەڵگە هەموو وەڵامی ڕەوشتی بۆ پەیدابکەن))(راغب، 2003، ل18). هەروەها لە کتێبەکەی (عوزرمایی خواستنێك بۆ شیعر) لەبارەی گرنگی شیعر و لایەنە ڕەوشتییەکەی ((بەدژی ئەوانەی پێیان وابوو شیعر کردەیەکی بێ عەقڵانە و غەیرە ئەخلاقییە، بەدڵ و گیان پشتی شیعر دەگرێ))(یەعقووبی،2007، ل60). بەمەش پێویستە شیعر بە جۆرێکی نوێتر ڕەهەندە رەوشتییەکان بۆ خوێنەر بگوازێتەوە و بەهۆیەوە خوێنەران دڵخۆش بکات.

لەلای (ئەلیکساندەر پۆپ1688-1774) شاعیری سەرکەوتوو و باش ئەو شاعیرەیە، کە خاوەنی رەوشتی جوان و بەهرەیێکی خوایی بێ، چونکە وادەبینێت ((هەقیقەت بێ ئاکاری جوان هەر تاقە پووشێك ناهێنێ، ئەوە ئاکاری شیرینە عەشقی مەزن دەخوڵقێنێ))(یەعقوبی،2007، ل64). هەروەها (ماتیۆ ئارنۆلد1822-1888) ((گرنگێتی (جدییەتی باڵای) لە هونەری گفتوگۆ کردووە))(اسماعیل و الخلیای،1981، ل27). بڕیاری ئەوەی دەرکرد ((پاراستنی شیعر و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەشێ بەگرنگترین ئەرك و چالاکی ڕەخنەگر بێتە ئەژمار))(یەعقووبی،2007، ل77). مەبەستی ئارنۆلد ئەرکی ڕەخنەگر پاراستنی شیعر و بەها کۆمەڵایەتییەکانە. و پێویستە شیعر مرۆڤایەتی لە بابەتە بێ بایەخ و لاوازەکان ڕزگار بکات و ئاراستەی ڕەوشتی بگرێتە بەر. (ساموئێل جۆنسن1709-1784) دیارترین ئەو کەسێتییە ئەدەبییانەی سەدەی هەژدەمە، کە درکی بە هەردوو لایەنی کەلك و ستاتیکا کردووە. لەهەمان کاتدا پێگەیێکی بەرزی بۆ (ڕەوشت) داناوە،کە تیایدا کەوتۆتە بەر کاریگەری (بوالۆ) و (پۆپ)،بەتایبەت لە چەمکەکانی رەوشت و فێربوون و سروشتدا. بۆیە ((گرنگی بە (هەستی گشتی) دەدا، کە بە هێزی فیکری پاڵپشت کرابێت. لەهەمان کاتدا هیچ دوودڵییەکی نەبووە لە حوکمدان لەسەر ناوەرۆکی ڕەوشتی ئەو نووسەرانەی،کە لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (ژیانی شاعیران) گفتوگۆی لەسەر کردوون))(اسماعیل، الخلیای،1981، ل27). جۆنسن لە پێشەکی (شکسپیر)دا دەڵێت: ((ئەرکی نووسەر هەمیشە ئەوەبوو،کە دنیا لەوەی کە هەیە چاکتر پیشان بدات))(حوسێن، 2007، ل13). بۆیە چاکی و رەوشت و خێر ئەو لایەنانەن،کە

(جۆنسن) هەمیشە جەختی لێکردۆتەوە. بڕوای وایە ئەرکی هەرە گەورەی ئەدەبیات ((ئامۆژگاری ئەخلاقی و گەڕانە بەدوای باسە فەلسەفییەکاندا))(ئەحمەدی، 2014، ل68). واتە دەقی ئەدەبی دەبێت هەلگری پەیامی ڕەوشتی و بەها ڕەوشتییەکان بێت و زیاتر تەرکیز بخرێتە سەر ناوەرۆکی ئەدەب، کە هەڵگری پەیامی شاعیرە. (ڕیچاردز) بۆچوونی وایە ((هونەری خراپ ئەو هونەرەیە کە بەهای ئاکاری بەرجەستە ناکات))(کەریم، 2013، ل156-157). لەبەر تەنها گرنگی دان بە لایەنی ئەزموونی ئیستاتیکی، ریچاردز پێچەوانەی ئاراستەی هونەر بۆ هونەر دەوەستێت. لیۆ تۆلستۆی نووسەری مرۆڤدۆست و ڕەوشتخوازی سەدەی نۆزدەیەمی ڕوسیا. پەیام و ئەرکی هونەر بۆ بەرزکردنەوەی پەروەردەی ئایینی و ڕەوشتی دەزانێت و باوەڕی وایە ((ئامانج لە هونەردا دەست کەوتنی ئەو جوانکارییە نییە،کە لە تێگەیشتنی ئەوەوە دێت... کەواتە بەهۆی هونەرەوە دەتوانین سیفاتی نایاب و ڕەوشتی کە ئەمڕۆ زۆر بە دەگمەن دەبینرێت لەناو هەموو کۆمەڵدا دروستی بکەین. ئەوکاتە هونەر دەبێتە سەرچاوەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی))(دهگان، 1356، ل63). چونکە بەبینینی تۆلستۆی ((هونەر دۆستی جیهانی هەمیشە پێوەرێکی چەسپاو و دروستی هەیە لەگەڵ خۆیدا و ئەو پێوەرە نەگۆڕەشی مەعریفەی ئایینی و ڕەوشتییە))(رزمجو، 1366، ل18). واتە تۆلستۆی ئەرکی هونەر لە ملکەچبوونی بە لایەنە ئیستاتیکییەکەی نابینێتەوە، بەڵکو گرنگیدانە بەلایەنی ڕەوشتی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە. گرنگیدان بە ڕەوشت درێژەی دەبێت لەسەدەی بیستەمدا دیاردەی هەڵسەنگاندنی ڕەوشتی لەلایەن نووسەر و ڕەخنەگرانی (هیومانیستیی نوێ) سەری هەڵدا.

**1-5: دەرهاوێشتە فیکرییەکانی رەخنەی رەوشتی:**

ڕەخنەی ڕەوشتی ڕەخنەیێکی دەرەکییە، هاوشێوەی ((ڕەخنەی مێژوویی، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەی دەروونی، ڕەخنەی ئینتیباعی...هتد))(مکی،1991، ل268-269). کار لەسەر ناوەرۆك و پەیامی دەقی ئەدەبی دەکات. پشت بە هۆکارەکانی دەرەوەی دەق دەبەستێت. لە گرنگترین ئەو هۆکارە دەرەکییانە بریتین لە ((ڕەوشتی، کۆمەڵایەتی، ژینگە ...هتد))(مسکین، 2010، ل29). هەورەها رەخنەی رەوشتی ڕەخنەیێکی ناوەرۆکییە، گرنگی بە لایەنی ناوەرۆك و دوور لە ڕوخساری دەقی ئەدەبی دەدات. لایەنی ناوەرۆك چەندین بابەت لەخۆدەگرێت، ئەو لایەنانەی کە ڕەخنەی ڕەوشتی مەبەستییەتی زیاتر (ڕەوشت و ئایین و ڕەهەندە کۆمەڵایەتی)یەکانە. لە ڕەخنەی ڕەوشتیدا فۆرمی دەق کاری لەسەر ناکرێت، بەڵکو بە پلەیەك کار لەسەر لایەنی ناوەرۆك دەکرێت. واتە ئەدەب هەرچییەك بێت دەبێت دواجار بەجۆرێك لە جۆرەکان ناوەرۆکێکی ڕەوشتی لەخۆ بگرێت، بەمەش هونەر یان ئەدەبی ڕاستەقینە ئەوەیە بەشێوەیەکی سروشتی سوود بە کۆمەڵگا بگەیێنێت.

رەخنەی رەوشتی رەخنەیێکی هەڵسەنگێنەرانەی بڕیاردانە. واتە ڕەخنەی رەوشتی ئەدەب تەفسیر دەکات لەڕوانگەی هۆکارە رەوشتییەکان دەقەکە شیدەکاتەوە، بەڵام کار لەسەر زمان و بونیادی دەق ناکات. واتە  بە پشت بەستن بە گرنگترین پێوەر و بنەماکانی رەخنەی رەوشتی، دەتوانرێت تێکست شیبکرێتەوە و هەلسەنگاندنی بۆ بکرێت و دواجار بڕیار لەسەر دەق بدرێت، کە ئەم بەرهەمە باشە یاخود باش نییە. هەورەها رەخنەیەکی (پابەندبوون)ە مەبەست لە پابەندبوون لە ڕەخنەی ڕەوشتیدا پێویستە هونەر یاخود ئەدەب ببێتە مایەی ئەخلاقییات و ئەرکی نووسەر و شاعیران لەڕێگەی بەرهەمەکانیان خزمەتکردنی کۆمەڵ دەبێت،کە هەڵگری ناوەرۆکی ڕەوشتی و ئایینی و کۆمەڵایەتین. واتە ئەدیب ئەدەبەکەی بوەستێتە سەر وێنەکێشانی غەمەکانی کۆمەڵ و دەست لە غەمەکانی خۆی هەڵگرێت. پێویستە لەسەریان پابەندی ئەوە بن، کە کۆمەڵ بە دەقەکانیان لەڕووی ڕەوشتییەوە پەروەردە بکەن. هەروەها ڕەخنەی ڕەوشتیی ڕەخنەیەکی هەڵبژاردەییە، واتە کاتێك بەرهەمێك وەردەگیرێت کار لەسەر هەموو بەرهەمەکە ناکات، بەڵکو تەنها چەند پارچەیەك لە بەرهەمەکە هەڵدەبژێریت، کە دەلالەتی ڕەوشتییان تێدایە. هەروەها ڕەخنەیێکی ڕاڤەییە تەفسیرییە. لە ڕەخنەی ڕەوشتیدا ڕەخنەگری ڕەوشتیی کاری شیکردنەوە و وەسفکردنی بەرهەمی ئەدەبی دەکات، بەتایبەت ئەو ڕەهەند و لایەنانەی خۆیان لەچوارچێوەی ڕەوشتدا دەبیننەوە. هەروەها ڕەخنەگری رەوشتیی  لە کاتی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا وەڵامی کۆمەلێك پرسیار دەداتەوە. وەك هۆکارەکانی نووسینی ئەم بەرهەمە؟ ئایە ئەم بابەتە پەیوەندی بە رەوشتەوە هەیە؟ نووسەر لە دەقەکەیدا چۆن و بە چ شێوەیەك کۆمەڵگەی هۆشیار کردۆتەوە؟ بۆچی نووسەر باسی لەم بابەتە ڕەوشتییانە کردووە؟ ئایا بەرهەمەکەی پێشەنگی و رابەری خوێنەر دەکات بۆ رەوشتی باش؟ یاخود رابەری و پێشەنگی ناکات، بەپێچەوانەوە خوێنەر بەرەو ڕەوشتی خراپ دەبات؟ هەروەها لەکاتی شیکردنەوەی تێکستی ئەدەبی پشت دەبەستێت بەچەند بنەما و پێوەریکی دیاریکراو، کە وەك بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بەکاریان دەهێنێت. بە پێچەوانەوە کارکردن بەبێ پێوەر و بەڵگەی دیاریکراو وا لە ڕەخنەگر دەکات دوور بکەوێتە لە ڕاستی و دەکەوێتە هەڵەوە. لە هەمان کاتدا پێویستە ڕەخنەگر لە ڕەخنەی ڕەوشتیدا ئەوەندە قوول نەبێتەوە،کە ببێتە مایەی ((لە دەستدانی سروشتی هونەری و جوانی ئەدەبی))(الدسوقی،1977، ل223). بەشێوەیەك ڕەخنەگر وەك ئامۆژگاریکەر و مامۆستای ئایینی ڕەفتار بکات، بەڵکو پێویستە ڕەوشت بە لایەنی جوانی و هونەری دەق ببەستێتەوە.

**1- 6ڕێژەیی ڕەخنەی ڕەوشتی:**

ڕەوشت هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسوكەوتە چاك و خراپانە دەگرێتەوە كە تاكەكانی كۆمەڵ ئەنجامی دەدەن، چاكی و خراپییان لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی تر دەگۆڕێت، هەر وەك چۆن لە كۆمەڵگایەكی دیاریكراویشدا بە درێژایی كات گۆڕانیان بەسەردا دێت. لە خاسیەتە گرنگەكانی ڕەخنەی ئەدەبی ڕێژەییبوونیەتی. واتە (( هیچ بۆچوونێكی ڕەخنەیی ناتوانێ بەشێوەیەكی ڕەها (مطلق) بێت... هەموو ڕەخنەگرێك بەپێی ژینگەی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بڕیار لەسەر شتەكان دەدات. هاوكات دەقی ئەدەبی لەگەڵ گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و هونەرییەكان دەگۆڕێت))(مەنتك، 2018، ل20). بەمەش هەر میتۆدێك،كە بۆ لێكدانەوەی دەق پشتی پێ دەبەسترێ و دەكرێتە پێوەر بەشێوەیەك لە شێوەكان ڕۆڵی خۆی لەو ڕێژەییبونەی ڕەخنەدا هەیە. هەروەها ئەوە ئاشكرایە ((هەر جۆرە داوەریكردنێك لەسەر بنەمای شێوە گۆڕاوەكان شتێكی تەواو ڕێژەیی دەبێت، لەبەر ئەوە ڕەخنەی ڕەوشتگەراییش هەموو كات لە چوارچێوەی ڕێژەییەكاندایە و ڕەخنەگرێك كە هەڵدەستێت بە ڕەخنەی ڕەوشتی ناتوانێت غافل بێت لەم ڕێژەیی بوونانە)) (ئیمامی، 2018، 229-230). واتە یاسا و بنەماكان هەرگیز موتڵەق و بێ سنوور نین لە ڕەخنەی ڕەوشتیدا،چونكە دەشێت ئەو بنەمایانەی، كە بۆ رۆژگارێك جێگیر بێت و بگونجێت بۆ ڕۆژگارو جێگایێكی تر گۆراو جیاواز بێت. بۆیە ڕەخنەگرو پسپۆڕانی بواری ئەدەب و رەخنەی ڕەوشتی دان بە بوونی ڕێژەیی رەخنەی ڕەوشتی دەنێن. ڕەخنەگری ڕەوشتی تەنها دەتوانێت بڕیار لەسەر ئەو دەقانە بدات، كە دەكەونە نێو چوارچێوەی ئەدەبیاتی نەتەوەكەی. واتە ناكرێت هەمان بڕیار لەسەر دەقێكی نەتەوەی تر بدریت، چونكە پێوەر و بنەماكان بەتایبەت ئایین و دابونەریت لە كۆمەلگەیەك بۆ كۆمەلگەیێكی دی جیاواز دەبێت. واتە ((ئێمە ناشتوانین ڕێژەیی بوونی پێوەرە ڕەوشتییەكان لە كۆمەڵگا جۆراوجۆرە مرۆییەكان لە بەر چاو نەگرین))(ئیمامی، 2018، ل-228-227). بۆ ئەم مەبەستە رەخنەگر پێویستی بە توانا و شارەزابوون لە ئەدەبیاتی میللەتانی تر هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ دەق بكات و بڕیاری لەسەر بدات.

**1-7بنەماكانی ڕەخنەی ڕەوشتی:**

ڕەخنەی ڕەوشتی لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی گرنگی دانە بە ((بەها و شێوەكانی ڕەوشتی زاڵ و خاوەن دەسەڵات لەسەر كۆمەڵگە))(الماضي, 17). بۆیە ئەوەی بەرهەمێك دەكات بەوەی، كە شایستەی ئێروانینێكی ڕەوشتی بێت، هەبوونی بنەما ڕەوشتییە گرنگەكانە تێیدا. لە ڕەخنەی ڕەوشتیدا (گراهام هۆ) سێ بنەما و پێوەری سەرەكی دیاردەكات. دەكرێت وەك بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنی دەق پشتیان پێ ببەسترێت، بنەما ڕەخنەییەكان بریتین لە:

**1-7-1بنەمای پێشەنگ و نموونەیی ڕەفتارەكان:**

ئەوەی لە ڕەخنەی ڕەوشتی داوادەكرێت ئەوەیە،كە ڕوونی بكاتەوە ((چۆن حالەتێكی تایبەت لەگەل شێوەیێكی گشتی ڕێكدەكەوێت. وە چۆن ئەدەب پەیوەندی بە گشت ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە دەكات.... سادەترین وەڵام ئەوەیە ئەدەب پێشەنگە))(پروینی، 1365، ل38). بۆیە هەندێك پێناسەی ئەدەبیان بەم شێوەیە كردووە، كە ((ئەدەب مادەیەكی ڕەوشتییە))(گەردی، 2010، ل8). واتە ئەدەب دەبێتە ڕەنگدانەوەیەكی سروشتی ژیان. ئەرستۆ دەڵێت: ((ئەدەب شێوەیەكە یان قاڵبێكە ئەركێكی بەردەوامی هەیە دەتوانین چی بمانەوێ بی خەینە ناو ئەو قاڵبەوە لە هەر سەردەمێكدا وە لەژێر هەر بارەدۆخێكدا))(گەردی، 2010، ل44). مەبەست لەم بنەمایە بەدەرخستنی پێشەنگی و ڕابەری ئەدەبە. واتە ئەدەب ئەو نمونەیە كۆمەڵگە ئاراستە دەكات. بەشێوەیەك لەڕێگەی ئەدەبەوە بیرو ڕێباز و بەها ڕەوشتییەكان بۆ كۆمەڵ دادەڕێژرێت بۆ ئەوەی تاك بیكات بە نموونەیەك و لە ژیانی كۆمەڵایەتی خۆیدا پراكتیكی بكات، چونكە ئەدەب لە هەموو كات و سەردەمێك دەتوانێت نموونەی چاك و بەرز یاخود خراپ و نێكدەر پێشكەش بكات. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سوود لە نموونە چاكەكان وەربگیرێت و نمونەی خراپ و ێكدەر فەرامۆش بكرێت. ئەگەر لە مێژووی بەرهەمی ئەدەبی كوردی (شیعر-پەخشان) بڕوانین دەبینین زۆر بەرهەم دەكەونە نێو لایەنی چاكە و دەكرێت وەك پێشەنگێك سوودی لێ وەرگرین. دیارترین تایبەتمەندیی ڕەخنەی ڕەوشتی جەختكردنەوەیە لەسەر كرداری فێربوون و فێركردن لەنێو بەرهەمی ئەدەبیدا. بەمەش ئەدەب و هونەر دەبێتە ئەو فاكتەرەی كە ڕۆڵی لە گواستنەوەی ڕەوشتدا دەبێت. (ئەمیل زۆلا) باس لە مەسەلەی پێشەنگی دەكات و دەڵێت: ((هونەر و ئەدەب پێشەنگی ڕابەرایەتی كردنی مرۆڤایەتین))(كەریم، 2013، ل118). واتە ئەدەب دەبێتە ئەو ئامرازەی ،كە شاعیر لە رێگەی دەقەوە خوێنەر وریا دەكاتەوە

**1-7 -2 بنەمای ورياكردنەوە (پەند وەرگرتن):**

لایەنگرانی ئەم تێۆرە وەك (جۆنسون و تۆلستۆی) وادەبینن ((ئەو پێشەنگەی كە نووسەر لە دووتوێی كەسایەتیی یە چیرۆكییەكان و یان درامییەكان یان داستانییەكان وێنەیان دەكێشێت ئەوا لە ورياكردنەوە جیا نابێتەوە. چونكە ئەو پێشەنگ و ڕابەرەی لە نێو

بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هەن هەر وەك ئەوانەن،کە لەنێو ژیانی واقیعیدا بوونیان هەیە. بۆیە لەڕێگەی ئەو جۆرە کەسایەتییانە خوێنەر ئاگادار و هۆشیار دەکەنەوە لەسەر ڕەوشتی چاك و خراپ. بەمەبەستی ئاگادارکردنەویان لە مەترسی ڕەوشت و ڕەفتارەکان))(نهێلی، 2019، ل62). واتە ئەدەب وەك ژیان وایە. دەتوانرێت لەڕێگەی وریاکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان سوود لە نموونە چاکەکانی وەربگیرێت و لاساییان بکرێتەوە، لە هەمان کاتدا دوور بکەوێتەوە لە ڕەفتارە خراپەکانی کەسێتییەکانی نێو بەرهەمی ئەدەب. (تۆلستۆی) ئاماژە بە ئەرکی هونەر و ئەدەب دەکات،کە ئەرکێکی گەیەنەرییە، کاتێك لە کتێبەکەی (هونەر چییە)دا ((گرنگی بە پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەرداو وای بینی،کە وەزیفەی هونەر گواستنەوەی هەست و شعوری هونەرمەندە بۆ وەرگر))(گەردی، 2010، ل80). هەڵبەتە ئەم گواستنەوەیە بریتییە لەجۆرێك لە وریاکردنەوە لە ئەدەب بۆ خەڵك. بۆیە تۆلستۆی دەڵێت: ((دەبێت مرۆڤ بە مانای هونەری کارەکتەرێکی مەزن و ئەخلاقی لە خەڵکی کۆمەڵگەدا دروست بکات))(مقدم، ل12). واتە بەستنەوەی ئەرکی شاعیر و نووسەر بە وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی دواجار کارەکتەرێکی ڕەوشتی بەرهەم بێنیت و خزمەت بە کۆمەڵگە بکات. گراهام هۆ دەڵێت: ((ئەدەب کەرەستەی خاوی حوکمی ئەخلاقیمان پێدەبەخشێت، هەروەها خوێندەوارییەکی زۆر زیاترمان پێ دەبەخشێت لە ژیانی تاکەکەسی هەر کەسێك ... ئەدەب ئەزموونی ئەخلاقی فراوان دەکات))(پروینی، 1365، ل39-40). ڕەخنەی ڕەوشتی دەبێتە چاودێریکەری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لە ڕووی بەکارهێنان و کارتێکردنی رەوشتی. هەروەها ڕەخنەی ڕەوشتی ((زیاتر گرنگی بە بلندبوون و نزمبوونی چۆنیەتی بەهای ڕەوشتی لە لای گوێگر- بینەر- خوێنەر دەدات. ... ئەو جۆرە ڕەخنەیە هەمیشە جۆرە ڕەوتێکی ئاگەدارکردن و وریاکردنەوەی لەگەڵدایە، بەو مەبەستەی،کە هەمیشە خوێنەر لە باری گرنگیدان بە ڕەوشت بەجێ بێلێت))(الماضي، ل17).

**3-7-1بنەمای شارەزایی و سروشت (الفطرة):**

ڕەخنەگرە ڕەوشتییەکان پێیانوایە،کە سروشت و ڕەوشت ئەو پێوەرە ڕێکخەرەیە،کە ئەدەب بۆی دەگەڕێتەوە. سروشت (الفطرة) گشتگیرترین بنەمای رەخنەی ڕەوشتییە. (جۆنسۆن) بە دانەری دادەنرێت. لەو بارەوە دەڵێت: ((لە توانای هیچ شتێك دا نییە،کە چێژ بە زۆران ببەخشێت و ماوەیەکی دوور و درێژ چێژیان پێ ببەخشێت جگە لە نواندنی حەقیقەتی سروشتی مرۆڤایەتی))(پروینی، 1365، ل40). واتە نوسەر یان شاعیر ناتوانن هەمیشە خۆشی و چێژ پێشکەشی خوێنەر و وەرگر بکەن، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە دەربڕین لە سروشتی مرۆڤایەتی نەکەن. جۆنسۆن بڕوای وایە ((گەورەترین چاکەی دەقێکی شانۆیی ئەوەیە، کە لاسایی سروشت بکاتەوە و ژیان فێربکا. مەبەستی لە فێربوون، فێربوونی ئاکارییە))(مەنتك، 2018، ل58). واتە پێویستە لەسەر ڕەخنەگری رەوشتی ئەوە بسەلمێنێ کە چۆن هونەر لەگەڵ ژیان دەگونجێت و چۆن پەیوەندی دەکات بە کارامایی مرۆڤایەتییەوە؟ واتە چۆن بارودۆخی کەسی و بینینی هونەری لەگەڵ قەوارەی گشتی و کۆمەڵدا بگونجێنیت. ئەمەش هەمووی پەیوەستە بە توانا و شارەزایی و لێهاتوویی نووسەرەوە.

## 2 - هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی بەختیار زێوەر بەپێی بنەماکانی ڕەخنەی ڕەوشتی

بەختیار زێوەر(1908-1948) ناوی فایەقە کوڕی شاعیری بەناوبانگی کورد زێوەرە. یەکێکە لەو شاعیرانەی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی کارای هەبووە. بەختیار زێوەر ((کەسێکی کۆمەڵایەتی و دڵ و دەروون باش و لەناو کۆمەڵدا خۆشەویست و بەڕێزو بە ڕەوشت بووەو زۆر پابەندی ئایین بووە))(غریب، 2008، ل6). بۆیە ڕەوشت و ئایین بە چەمکە فراوانەکەیان بەشێکی زۆری شیعرەکانی بەختیار زێوەریان داگیر کردووە. ئەو گۆڕانکارییە جیاوازانەی لە کۆمەڵ کوردەواریدا ڕوویداوە دواجار خۆیان لەنێو ئەدەبدا بەرجەستە کردووە. بەختیار زێوەریش ڕاستەوخۆ لەنێو ڕوداوەکاندا بووە و تاڵی و مەینەتییەکانی ژیانی کورد و ئازارەکانی کۆمەڵگەی خۆی بەچاو دیوە و هەستی بە نادادی کردووە. زۆر بە جوانی ئەم بارودۆخەی نەتەوەکەی لەڕێگەی شیعرەکانییەوە خستۆتەڕوو. واتە وەك ئەرکێکی رەوشتی بەرامبەر ڕووداوەکان بێ هەلوێست نەبووە ، وەك شاعیرێك شیعرەکانی کردۆتە ئامرازێك بۆ وشیارکردنەوەی میللەت و ئاراستەکردنیان بۆ لایەنی ڕەوشتی.

بەختیار زێوەر هەر دیاردەیەکی نا ڕەوشتی دیبێت لە شیعرەکانی ڕەخنەی ئاراستە کردووە. نەزانی و نۆکەری کردنی خەلکی زۆر کاری تێکردووەو پێی تێکچووە. ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر نەخۆشیە کۆمەڵایەتییە گەورەکان دەربڕیوە. هەر بابەتێك ئازاری دابێت و سوود و بەرژەوەندی نەتەوەکەی تیا نەبێت رەخنەی توندی ئاراستە کردووە. وەك کۆمەڵناس و ڕەوشت ناسێك بەوردی دەرد و مەینەتییەکانی کۆمەڵگەی خۆی دیاریکردووە. بەشێك لەو دەردە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیانەی کە ئازاری بەختیار زێوەریان داوە بریتییە لە نەزانی و نەخوێندەواری، یەکترشکاندن و خۆخۆری، بێ وەفایی، درۆکردن، خۆ بە گەورە زانین و لە خۆبایی بوون، دزی،

فێڵ و تەڵەكەبازی، بەكارهێنانی ئایین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، نیفاق و دوو ڕوویی، غەیبەت ...هتد. لە بەرامبەردا شاعیر هەستی بە بەرپرسیارەتی كردووە و ڕێگەی ئامۆژگاری و ڕەخنەگرتن لە شیعرەكانی دەگرێتە بەر بۆ هاندانی خەڵكی بەرەو بابەتە ڕەوشتییەكانی وەك هاندان بۆ خوێندن و زانست پەروەری، ڕاستگۆیی، وەفاداری، یەكگرتن و هاوكاریكردن، یارمەتیدانی هەژاران، پشت بەخۆ بەستن، ڕێزگرتن، دووركەوتنەوە لە خۆباییبوون، شوكرانە بژێری، ئارام گرتن ...هتد. لە زۆربەی شیعرە ڕەخنەگرەكانیدا دەردەكەوێت ئەركێكی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی بەجێهێناوە، گەرچی جاری وایش هەبووە نائومێد و ماندوو بووە، بەڵام بەردەوام ئەركی خۆی بەجێهێناوە. شیعرەكانی بەختیار زێوەر بابەتی جۆراوجۆر و ناوەرۆكی جیاوازیان هەیە. وەكو: ئاینی، دڵداری، سیاسی و نیشتمانی، وەسف، ڕەخنەیی، ڕەوشتی، كۆمەڵایەتی زۆر بابەتی دیكە،كە دەكرێت جێگەی لێكۆڵینەوە و باس بن. بەڵام لێرەدا ئێمە تەنیا هەوڵدەدەین لەسەر هەندێ بابەتی ڕەوشتی بوەستین. واتە لەسەر گرنگترین ڕەهەندە ڕەوشتییەكانی نێو شیعرەكانی بەختیار زێوەر دەوەستین و بەپێی پێوەر و بنەما ڕەخنەییەكانی ڕەخنەی ڕەوشتی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەكەین.

**1- هاندان بۆ خوێندن و خوێندەواری:**

یەكێك لەو نەخۆشییە كۆمەڵایەتییە سامناكانەی بۆتە گرفت و هۆكاری پەرتەوازەبوونی میللەتی كورد و مانەوەی بە دواكەوتوویی بە بەراورد لەگەڵ میللەتە پێشكەوتووەكانی تر نەزانیی و نەخوێندەوارییە. بەختیار زێوەر ڕۆڵێكی زۆری بینیوە لە وریاكردنەوەی كۆمەڵ لە دەست نەخوێندەواری و نەزانی. بەشێكی زۆری شیعرەكانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانكردووە. بۆیە زیاتر بە شاعیری زانست و زانستپەروەری ناسراوە. واتە بەختیار زێوەر زانست و فێركردن بە ڕێگایەكی گرنگ و پێویست دەزانێت. ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و تێكۆشانی بەردەوام هەیە بۆ پێشخستنی نەتەوەكەی. لە شیعری (گۆرانیی برایینە لە خەو هەستن) هەر لە سەرەتاوە لاوەكانی میللەت لە خەوی بێ ئاگایی و نەزانی و نەخوێندەواری وریا دەكاتەوە و هانیان دەدات بەوەی كاتی هەوڵدان و ئازادی و خوێندنە، دەڵێت:

| |
|---|
| برایینە! لە خەو هەستن، بەیانە |
| زەمانی هەوڵ و عیلم و حورِ ژیانە |

شاعیر، كە دەبینێ میللەتانی جیهان خەریكی هەوڵدان و تێكۆشانن بۆ ئەوەی بگەن بە مەبەست و ئامانجەكانیان و میللەتی كورد غەرقی دەریای نەزانین بووە، كۆمەڵگە وشیار دەكاتەوە لە دەست جەهل و نەفامی و دواكەوتوویی، چونكە سەردەم سەردەمی زانست و زانینە. لە ئەگەری بەردەوام بوون لەسەر ئەم هەوڵنەدانە میللەت بە جاهلی دەمێنێتەوە و ناگەن بە ئامانج، بۆ ئەم مەبەستە بەختیار زێوەر عیلم و عیرفان بە چارەسەری نەزانی و بەختەوەری و زاڵبوون بەسەر دوژمن دەزانێت:

| |
|---|
| هەموو قەومێ بە دائیم تێ ئەكۆشن |
| لە ڕێگەی عیلم و فەندا دڵ بەجۆشن |
| ئەرێ كوردی فەقیر و بێكەس و غەم |
| هەتاكەی زەهرەی نادانی ئەنۆشن |
| برایینە... |
| وەتەن پڕ لەشكری جەهلە ڕەفیقان |
| دەری كەین با بە هۆردووی عیلم و عیرفان |
| برایینە ئەگەر زۆر چاك نەخوێنن |
| لەژێرباری جەهالەتدا ئەمێنن (زێوەر، 2008، ل20) |

شاعیر لەم دەقەدا كۆمەڵێك كۆدی بەكارهێناوە وەك (هەوڵدان، عیلم، جەهل، حورِ ژیان، تێكۆشان، نادانی) بەشێك لەم كۆدانە لەروانگەی كۆمەڵەوە پەسندكراون و بە ڕەوشتی باش دادەنرێن وەك (هەوڵدان، عیلم، حورِ ژیان). هەروەها (جەهل، نادانی) بە كۆدی نا ڕەوشتیی دادەنرێن. گەر لە ڕوانگەی بنەماكانی ڕەخنەی ڕەوشتی ئەم دەقە هەڵبسەنگێنین بەم شێوەیە دەبێت:

1-پێشەنگ و نموونەیی ڕەفتارەكان: وەك دەقێكی نموونەیی ڕابەری و پێشەنگی خوێنەر دەكات بۆ هەوڵدان بەدوای زانست و زانیاری و ڕزگاركردنی میللەت لەژێر باری جەهالەت.

2-وریاكردنەوە (پەندوەرگرتن): شاعیر كۆمەڵگە وشیار دەكاتەوە لە نەزانین و نەخوێندەواری كە هۆكاری دواكەوتوویی و بەرەوپێش نەچوونی كۆمەڵن. لە كاتێكدا هانی لاوانی میللەت و نەوەی دواڕۆژ دەدات و وشیاریان دەكاتەوە لەوەی خوێندن و زانست بۆتە هۆی بەرەوپێشچوونی میللەتانی دی، تەنها گەلی كورد جێماوە. واتە ڕێگە چارەی ئەم دواكەوتوییە زانست و زانینە كاتێك دەڵێت: (وەتەن پڕ لەشكری جەهلە ڕەفیقان، دەری كەین با بە هۆردووی عیلم و عیرفان). هەروەها شاعیر یەكگرتن و هەوڵدان هاوشێوەی زانین بە هۆكاری پێشكەوتن دەزانێت، كە دەڵێت: (بە یەكدڵ با لەبۆ پێشكەوتنی كورد، هەوڵ دەین تا بگەینە قەسدی خۆمان). بەختیار زێوەر خەمخۆری نیشتمان و كۆمەڵگای خۆیەتی و دەزانێت تاوەكو خەڵك بیر نەكەنەوە و كۆشش نەكەن بە هیچ ناگەن، لە دونیای ئەمڕۆشدا، كە جیهان بەرەو پێش دەڕوات گەلەكەی بە دواكەوتوویی دەمێنێتەوە بۆیە چارەسەریان هەر بە فێربوونی زانست و عیلم و خوێندەواری و بیركردنەوەی ژیرانەیە.

3-سروشت و شارەزایی شاعیر: شاعیر توانیویەتی بەشێوەیەكی شارەزا ڕەخنە ئاراستەی كۆمەڵ بكات و خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم دەقە هەست بەو بەرپرسیارەتییە بكات و ببێتە پاڵنەرێك بۆی. بۆ ئەم مەبەستە لەكاتی داواكردندا كۆدی رەوشتی (براینە)ی بەكارهێناوە. واتە شاعیر لە خەمی كۆمەڵدا بووە و تاكەكانی كۆمەڵگەی بە برای خۆی زانیوە. كاتێك دەڵێت: (برایینە ئەگەر زۆر چاك نەخوێنن، لەژێر باری جەهالەتدا ئەمێنن).

**2- برایەتی و یەكگرتن:**

بە ڕوانین لە مێژووی میللەتی كورددا دەردەكەوێت ناتەبایی و پەرتەوازەبوون لە ئاستەنگە گەورەكانی بەردەم پێشكەوتنی كوردە. یەكێك لە ئامانجە بنەڕەتییەكانی دوژمنانی میللەتی كورد هەمیشە لەناوبردنی ناسنامەی ئەم نەتەوەیەیە. بوونی كێشە كۆمەڵایەتییەكان و خراپی باری سیاسی و كۆمەڵایەتی بۆ نەبوونی یەكگرتوویی و برایەتی نێوان لایەنە جیاوازەكان دەگەڕێتەوە. لە كاتێكدا یەكگرتن بە رەهەندێكی رەوشتی گرنگ دادەنرێت، كە لەگەڵ بنەماكانی ئایین و كۆمەڵ یەكدەگرێتەوە. بەختیار زێوەر باس لە گرنگی یەكگرتوویی دەكات وەك كردارێكی رەوشتی بەرز، كە دەبێتە مایەی بەختەوەری و پێشكەوتنی كۆمەڵگە جا لە هەر بوارێك دا بێت. بۆ ئەم مەبەستە لە شیعری (دەنگێكی غەیب)دا دەڵێت:

| |
|---|
| چ خۆشە یەكیەتی بۆ كوردەواری |
| چ خۆشە دۆستی بەینی عەشایەر |
| ئەگەر خۆمان بزانین هیچ نەزانین |
| ئومێدی یەكیەتیمان دێتە دیاری |
| نە ناكۆكی ئەبێتە گونكی سەر دڵ |
| نە كینەی دڵ ئەمێنێ كاروباری |
| بڵێم چی خۆبەخۆی یەك زۆر خراپین |
| بەوێنەی خوێنە خوێن بۆ نالەباری |
| ئەگینا پیاوی زانا تێ ئەگا زوو |
| كە (خۆشە یەكیەتی بۆ كوردەواری) (زێوەر، 2008، ل86) |

ئەم شیعرە هەڵگری كۆمەڵێك كۆدە وەك (یەكیەتی، كینە، ناكۆكی، ئومێد، دۆست، نەزانین) هەریەك لە كۆدەكانی (یەكیەتی، ئومێد، دۆست) كۆدی رەوشتین لەروانگەی كۆمەڵگەوە بە رەوشتی باش دادەنرێت، هەروەها (كینە، ناكۆكی، نەزانین) رەوشتی خراپن. شاعیر لەم شیعرەیدا داوای یەكگرتنی كۆمەڵ دەكات و بە هۆكاری خۆشی و بەختەوەری دەزانێت. بەتایبەت یەكگرتنی نێوان عەشایەر، چونكە لەو سەردەمانەدا دژایەتی كردنی عەشیرەتەكان دیاردەییكی باو بووە، كاتێك دەڵێت: (چ خۆشە یەكیەتی بۆ كوردەواری، چ خۆشە دۆستی بەینی عەشایەر).

1-پێشەنگ و نموونەیی ڕەفتارەكان: ڕابەری و پێشەنگی ئەم دەقە لەوە دایە شاعیر توانیویەتی كۆمەڵ بۆ یەكگرتن هانبدات و دووریان بخاتەوە لە بابەتە نا رەوشتییەكانی (نەزانین، رق و كینە، دوو دڵی).

2-ورياكردنەوە (پەندوەرگرتن): وریاکردنەوەی ئەم دەقە لەوە دایە شاعیر ئەوەی خستۆتەڕوو، ئەگەر یەکگرتن نەبێت، ڕق و کینە و نەزانی و دوو دڵی و دوژمنایەتی کردنی یەکتر و کۆمەڵێك نەخۆشی تر بەدوای خۆی دێنێت. بۆیە یەکگرتن وەك هۆکارێك بۆ نەمانی رق و کینە و دروستبوونی خۆشبەختی بۆ میللەت دەزانێت. شاعیر وا دەبینێت کاتێك تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بە نەزانی خۆیان بکەن یاخود هۆشیاری ئەوەیان هەبێت کە نەزانن، ئەوکات هەست بەوە دەکەن کە یەکگرتن چارەسەرە و دیارییە بۆیان. کە دەڵێت: (ئەگەر خۆمان بزانین هیچ نەزانین، ئومێدی یەکیەتیمان دێتە دیاری). لەهەمان کاتدا کۆمەڵگە وشیار دەکاتەوە یەکگرتن هۆکاری نەمانی رق و کینە و ناکۆکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە، کە دەڵێت: (نە ناکۆکی ئەبێتە گونکی سەر دڵ، نە کینەی دڵ ئەمێنێ کاروباری).

3-سروشت و شارەزایی شاعیر: شاعیر توانیویەتی بەشێوەیەکی شارەزا کۆمەڵگە هانبدات بۆ رەوشتە بەرزەکانی وەك یەکگرتن و دوورکەوتنە لە رق و کینە و ناکۆکی. هەروەها توانیویەتی بەشێوەیەکی شارازەیانە رەخنە لە کۆمەڵگە بگرێت بەوەی لەنێو خۆیاندا خراپن بۆ یەکتری، ئەمەش هۆکاری یەکنەگرتنە کە دەڵێت: (بڵێم چی خۆبەخۆی یەك زۆر خراپین، بەوێنەی خوێنە خوێن بۆ نالەباری).

**3-یارمەتیدانی هەژاران:**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەهۆی خراپی باری ئابورییەوە بەشێکی زۆری خەلکی دووچاری هەژاری و کەم درامەتی بۆتەوە، زۆربوونی ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرچاو وای لە شاعیران کردووە شیعرەکانیان بکەن بەو مینبەرەی داوای یارمەتیدان بۆ چینی هەژارانی کۆمەڵگە بکەن. بەختیار زێوەر هەمیشە لە شیعرەکانی پشتی چینی هەژار و چەوساوەکانی گرتووە. وەك ئەرکێکی رەوشتی و مرۆڤایەتی لە شیعری (پیاوەکانمان لە ساڵی 1942دا) رەخنە لەو بارودۆخە دەگرێت، کە کۆمەڵگەی کوردی تێی کەوتووە. باس لەو پیاوانە دەکات، کە خاوەن سەروەت و سامانی زۆر بوونە، بەڵام بەهۆی بوونی سیفەتی (لووتبەرزی و پارەپەرستی و نەزانی و بێ ڕەحمی) بێ ئاگان لە نیشتمان و میللەت. شاعیر ئاهـ هەڵدەکێشێت و گلەیی دەکات و رەخنە دەگرێت لەم جۆرە پیاوانە، کە خۆیان بە کورد دادەنێن و هیچ خزمەتێکیشیان نییە و دوورن لە سەخاوەت، خەریکی پارە پەرستین و دوور لە پیاوەتی و چاکەکردن، ئەمە لە کاتێکدا کورد هەمیشە سەخا بوون سیفەتیانە، کە دەڵێت:

| |
|---|
| ئاە! ئەی وڵاتی بێکەس و بێ پیاوی ژیر و چاك |
| پیاوت نەماوە خزمەتی تۆ ئێستە کوا هەیە! |

شاعیر ئامۆژگری دەولەمەند و دەست رۆیشتوو و کاسبکار و کەسانی هەبوو دەکات بەوەی کۆمەڵگە خەلکی هەژار و نەداری تیایە، بۆیە پێویستە یارمەتیان بدرێت و خزمەتیان بکرێت:

| |
|---|
| ئەی کاسبی حەبیبی خودا بۆچی غافڵی |
| نامەرد بزانە دەور و خولت زۆر گەدا هەیە |
| دەستێ بدە لە باخەڵی پڕ نۆت و پارەکەت |
| باربووی هەژار بەخێری حەجی ماڵی خوا هەیە |
| شەو تا بەیانی مەستی هەزار ڕەنگ تەعام ئەخۆی |
| زۆریش لە خانەیا، نە کولێرە و نە چا هەیە |

شاعیر لە وەسفکردنی سیفەتی سەخاوەت و یارمەتیدانی هەژار و دراوسێی یەکتری، ئەوە دیاردەکات،کە جەزاکەی لەلای خودای گەورە زۆرە و پێویستە دەستی یارمەتی درێژ بکەن، شاعیر ئەم هاوکاریکرنە بە ئەرکێکی نیشتمانپەروەری و مرۆڤایەتی بەرز دادەنێت، لە هەمان کاتدا لە ڕوانگەی ئایینییەوە کەسی بەرامبەر وشیار دەکاتەوە، کە بوونی هەژار لە کۆمەڵگە و یارمەتی نەدانی سزای زۆری بە دوا هەیە، کە دەڵێت:

| |
|---|
| دەس گرتنێکی بێکەس و هاوسێی نزیکی خۆت |
| جوان چاکییە و لە لای خوداشت جەزا هەیە |

| |
|---|
| ئەو وەختە پیاوی خزمەتی میللەت بکەی بەماڵ |
| وەرنە لە ڕێی وتاری زلا چەند خەتا هەیە |

| |
|---|
| ئیشێ بکە کە سوودی هەبێ بۆ وڵاتەکەت |
| تا خەڵق بڵێن فڵانە کەسیش وەك پەنا هەیە |
| بەم ماڵ و سەروەتە دڵی بێ دەس بخەیتە دەس |
| بۆ گۆڕی تەنگ بەچەشنی تەلی کارەبا هەیە |
| ئەو جێیە بەرزە تۆ هەتە، حەیفە سەخات نەبێ |
| خۆشت ئەزانی قەدری سەخی چەشنی شا هەیە |
| ئێستا کە فرسەتە بتەوێ یارمەتی بدەی |
| میللەت نەخۆشە پارەکەشت وەك دەوا هەیە |
| (زێوەر، 2008، ل78) |

ناوەرۆکی ئەم دەقەی شاعیر باس لە یارمەتی نەدانی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووەکان بۆ کەسانی هەژار و بی دەستەکان دەکات، کۆمەڵێك وشە و زاراوە گوزارشت لەنێو شیعرەکەدا هەن بەڵگەی ئەوەن و ئاماژە بە پارە پەرستی و ڕەزیلی و نەبوونی یارمەتیدان و نەبوونی ترسی خوایی لە دڵی ئەم جۆرە مرۆڤانە دەکات وەك (غافلی، نامەردی، خێر، مەستی، دەستگرتنی بێکەس و هاوسێ، جەزا، چاکە، سەخا، یارمەتی دان ...هتد) شاعیر توانیویەتی ئەم وشانە بخاتە پاڵ یەکتر و وێنەیەکی جوانی ئەم سیفەتە نا ڕاوەشتییەی نێو کۆمەڵگەی کوردی بکێشێت و تاکەکانی کۆمەڵگە وشیار بکاتەوە بۆ یارمەتیدانی فەقیر و هەژاران.

1-پێشەنگ و نموونەیی ڕەفتارەکان: ئەم شیعرە پێشەنگی و رابەری خوێنەر دەکات بۆ بابەتە رەوشتییە بەرز و گرنگەکانی وەك خزمەتکردنی بێ دەست و هەژاران لەڕێگەی بەخشینی پارە و نان و جل و بەرگ بۆیان و دوور کەوتنەوە لە ڕەزیلی و پارەپەرستی.

**2-وریاکردنەوە (پەندوەرگرتن):** شاعیر کۆمەڵگەی وشیار کردۆتەوە لە بوونی هەژاران لەنێو کۆمەڵگە، بۆیە پێویستە لەسەریان یارمەتیدەر بن کاتێك دەڵێت: (ئەی کاسبی حەبیبی خودا بۆچی غافڵی، نامەرد بزانە دەور و خولت زۆر گەدا هەیە). هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: (زۆریش لە خانەیا، نە کولێرە و نە چا هەیە) یاخود دەڵێت: (میللەت نەخۆشە پارەکەشت وەك دەوا هەیە، هەر چاوەڕوانی ئێوەنە بێدەسەڵاتەکان). شاعیر دەوڵەمەند و کاسبکار و کەسانی هەبوو وریا دەکاتەوە و داوای بەخشینیان لێ دەکات و بە هۆکاری پیاوەتی و خاوەن شەرەفی دەزانێت و لە پاداشت و قەرەبووی ئەم رەوشتە باشە دەڵێت: (دەستێ بدە لە باخەڵی پڕ نۆت و پارەکەت، باربووی هەژار بەخێری حەجی ماڵی خوا هەیە). هەروەها بۆ نەبوونی بەخشین و یارمەتی نەدانی هەژاران دەڵێت: (بەم ماڵ و سەروەتە دڵی بێ دەس بخەیتە دەس، بۆ گۆڕی تەنگ بەچەشنی تەلی کارەبا هەیە).

3-سروشت و شارەزایی شاعیر: شارەزایی شاعیر لە پێکهێنانی ئەم دەقە دایە. بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش توانیویەتی وێنەی ئەو رەهەندە نا رەوشتییانەی نێو کۆمەڵگە بگرێت و رەخنەی توند ئاراستەی ئەو کەسانە بکات، کە خۆیان بە نیشتمان پەورەر دادەنێن و بە گوفتار خۆیان باش پیشان دەدەن، بەڵام بەکردار وا نین.

**4-ڕێزگرتن:**

ڕێزگرتن ڕەهەندێکی بەرزی ڕەوشتییە. بە هۆکاری خۆشەویستی و دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت، بەختیار زێوەر هەمیشە لە شیعرەکانیدا زانست و زانیاری بە مۆمێکی روناککەرەوە بۆ تاریکی میللەت زانیوە. بۆ ئەم مەبەستە ستایش و ڕێزێکی زۆری لە کەسانی خاوەن زانست و پیشەی پەروەردەکردن گرتووە. لە شیعری (مامۆستای دڵسۆز) ستایشی مامۆستا دەکات و وەك ئەرکێکی ڕەوشتی ڕێزی زۆری لێدەگرێت، کە مامۆستا هەمیشە بە وەفا و پێشەنگ بوونە بۆ بنیاتنانی لاوانی میللەت:

| |
|---|
| مامۆستا گیان تۆ لای من زۆر پیرۆزی |
| تۆ، لە باوکم زیاتر بۆ من دڵسۆزی |

*******

| |
|---|
| تۆ بەبیری ڕووناك و ڕێگەی ژیانم |
| ڕۆشن ئەکەی، چەوتیم ئەدەی نیشانم |

********

| |
|---|
| لە نیشتمانا سەركردەی زانستیت |
| بنچینە دانەری قەڵای سەربەستیت |

شاعیر مامۆستا بە ئەندامێكی چالاكی كۆمەڵ دادەنێت، بەڵام بە داخەوە كۆمەڵگەی كوردی بەپێی پێویست ڕێزیان لە مامۆستا نەگرتووە، لەگەل ئەوەشدا شاعیر لەوە دڵنیایە ڕۆژێك دێت مامۆستا حەقی راستەقینەی خۆی پێدەدرێت و ڕێزی تەواوی لێ دەگیرێت،كە دەڵێت:

| |
|---|
| بەڵام سەد ئاخ، ئەوەمان ناتەواوە |
| لای كورد هێشتا قەدرت باش نەزانراوە |

***********

| |
|---|
| ڕۆژێك ئەبێ قەدرت بگرن بەچاوان |
| لەبەر دەمتا بوەستن تیپی لاوان |

(زێوەر، 2008، ل156-157)

ناوەرۆكی ئەم دەقەی شاعیر ڕێزگرتنە لە مامۆستا. شاعیر هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ مامۆستا دەربڕیوە، كە بە سەركردەی زانستی دادەنێت. كۆمەڵێك وشە و زاراوە لەنێو شیعرەكەدا هەن بەڵگەی ئەمەن و ئاماژە بۆ ڕێزگرتن و خۆشەویستی دەكەن، وەك (مامۆستا گیان، پیرۆز، دلسۆز، ڕۆشنكردنەوە، بیری روناك، سەركردەی زانست، قەدر).

1-پێشەنگ و نموونەیی ڕەفتارەكان: ئەم دەقە پێشەنگی و ڕابەری خوێنەر دەكات بۆ بابەتی ڕێزگرتن، بە دیاریكراوی ڕێزگرتن لە مامۆستا و كەسانی خاوەن زانست و مەعریفە. كە شاعیر بە سەركردەی زانست و (بنچینە دانەری قەڵای سەربەستی) داناوە.

2-ورياكردنەوە (پەندوەرگرتن): وشیاری ئەم دەقە لەوە دایە شاعیر كۆمەڵگەی بۆ بابەتی ڕێزگرتن وشیار كرۆدتەوە بە تایبەتی ڕێزگرتن لە مامۆستا. هەروەها خۆشەویستكردنی مامۆستایە لەلای خوێنەران بە دیاریكراوی لەلای منداڵان، كە مامۆستا فێركاری زانست و زانیارین.

3-سروشت و شارەزایی شاعیر: شاعیر بەشێوەیەك ستایشی مامۆستای كردووە، كە لەگەل بنەماكانی كۆمەڵگە یەك دەگرێتەوە و بە ئەركێكی ڕەوشتی دادەنرێت، بەبێ ئەوەی دژایەتی بكرێت. شاعیر توانیویەتی بە زمانێكی سادە و ئاسان پەیامەكەی بگەیێنێت، كە لەگەڵ ڕادەی تێگەیشتنی منداڵانیش بگونجێت. هەروەها بەشێوەیێكی شارەزایانە رەخنەی ئاراستەی كۆمەڵگە كردووە، بەهۆی نەبوونی هۆشیاری، ڕێز لە مامۆستا ناگرن كاتێك دەڵێت (بەڵام سەد ئاخ، ئەوەمان ناتەواوە، لای كورد هێشتا قەدرت باش نەزانراوە).

**5- مەینۆشی:**

بابەتی مەی خواردنەوە یەكێكە لەو بابەتانەی لە ڕووی ئایینییەوە ڕێگە پێنەدراوەو زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت. واتە بە كارێكی خراپ و ناپەسەند دادەنرێت. بەختیار زێوەر لە شیعری (ساقی نامە)دا بەهۆی تۆرانی یارەكەی و توشبوونی بە نارەحەتی و خەم خواردن پەنا بۆ مەی دەبات و بەردەوام دەبێت لەسەر داواكردنی شەراب و بۆ نەمانی نارەحەتییەكەی بۆ ئەم مەبەستە داوا لە ساقی دەكات بۆی تازە بكاتەوە بەشێوەیەك خەمی هەردوو دونیای بیر بباتەوە، كە دەڵێت:

| |
|---|
| شەرابێ بێنە بڵێ هی پارە |
| بێ غەڵ و غەش و پەمەیی و ساف بێ |

************

| |
|---|
| لابەری غەمی هەردوو دنیا بێ |
| هێندەم بۆ تێكە سێ ڕۆژ سەرخۆش بم |
| لارەلار برۆم هێندە بێ هۆش بم |
| ساقی زەمانی شادی كردنە |
| سبەی دووسبەی نۆرەی مردنە |

| |
|---|
| بۆ ئیمڕۆ خۆشە ژیانی مەستی |
| چونکە ئەبەخشێ هەوای سەربەستی (زێوەر، 2008، ل81-82) |

ئەم دەقە کۆمەڵێك کۆدی لەخۆگرتووە وەك (شەراب، غەڵ و غەش، سەرخۆش، مەستی) پەیوەستکردنی ئەم کۆدانە بە کۆمەڵگەی کوردی دەردەکەوێت ڕەوشتی ناپەسەند و ڕێگە پێنەدراون. هەروەها لەڕوانگەی ئاینییەوە بە هێلی سوور دادەنرێت، چونکە کار دەکاتە سەر مرۆڤ و زیانی گەورە بەدوای خۆی دێنێت.

1-ڕابەری و پێشەنگی ڕەفتارەکان: ئەم دەقە پێشەنگی و رابەری خوێنەر ناکات، بەڵکو خوێنەر بۆ مەی خواردن و سەرخۆش بوون هان دەدات،کە بابەتی ناڕەوشتین و دواجار مرۆڤ بەرەو سەرگەردانی دەبات.

2-وریاکردنەوە (پەندوەرگرتن): هۆشیاری لەم دەقەدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کردنی دڵداری، تۆرانی یار و توشبوونی بە نارەحەتی و خەم خواردنی بە دوا دێت و دواجار مرۆڤ بۆ کاری بەد ڕەوشتی دەبات و دووچاری مەی خواردن و بابەتی دی خراپ دەبێت.

3-سروشت و شارەزایی شاعیر: شاعیر شەرەزا و لێهاتوو بووە لە پیشاندانی حەزو ئارەزووەکانی بۆ مەی وەك چارەسەرێك بۆ گرفتەکان، بەڵام ئەم حەز و ئارەزووەی شاعیر دەیەوێت و مەبەستییەتی جۆرە دژایەتییەك لەگەل بینین و بەها رەوشتییەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات.

**6-نوشتە و فاڵکردن:**

بەختیار زێوەر لە شیعری (تەتەبوعات) باسی نوشتە و فاڵکردن دەکات وەك کردارێکی نا رەوشتی، کە تاکەکانی کۆمەڵگە پەنایان بۆ بردووە، لەلایەن فاڵچی و شێخ و مەلاکان بەکارهێنراوە بۆ پارە پەیداکردن، ئەمەش خراپەی فاڵچییەکان پیشان دەدات:

| |
|---|
| چوومە بنچینەی عولوومی (ڕەمڵ) و (جەفر) و (جەلجەلووت) |
| تێگەیشتم زەڕڕەیێ نەفعیان نییە هەروەك (سرووت) |

شاعیر باس لە چوونی خۆی بۆ نێو علومی نوشتەکردن دەکات، بۆی دەردەکەوێت ئەمانە هیچ سوودێکیان نییە. سەبارەت بە (ڕەمل، جەفر، جەلجەلووت) ئەمانە ئەو وشانەن کە فاڵچی و نووشتە نووسەکانی سەردەمی پێشوو بۆ خەڵەتاندنی خەڵکی بەکاریان دەهێنا چ لە نووسین چ لە خوێندن و چ لە بەکارهێناندا. شاعیر ئەوە دیاری دەکات، کە ئەم نوشتووە چەندین جار بەکاری هێناوە، بەڵام هیچ سوودێکی بۆ نەبووە:

| |
|---|
| چەند کەڕەت نووشتەی ڕەشیم نووسی چ سوودێکی نەبوو |
| جەڵبی دڵدارم ئەکرد ئەما ڕەقیب بۆ لام بزووت |

شاعیر ئامۆژگاری کچان دەکات بە تایبەت ئەوانەی بە تەمەنن، چونکە زیاتر ئەمانە پەنای بۆ دەبەن بۆ داواکارییەکانی خۆیان، کەچی دەبنە مایەی تێکدەر و تیاچوونیان، دەڵێت:

| |
|---|
| تۆ مەچۆرە لای قەشە و مالووم و مەللا، گەورە کچ |
| کردەوەی جوانت ئەبێتە واسیتەی تەعجیلی شووت |
| (ڕەمڵ) و (فاڵ) نامە و مەلای دین تێکدەری ژن تەفرەدەر |
| دەستەڵاتم بێ بە جارێ ئەیخەمە ناو چاو چاڵەقووت |

لە کۆتاییدا شاعیر دەگاتە ئەوەی،کە ئەم نووشتە و فاڵکردنە تەنها ئامرازن بۆ نان پەیداکردن و پارەو پوول، بۆیە ئاواتی ئەوە دەخوازێت،کە چۆن ئەو تێگەییوە لەم مەبەستە خراپەیان کۆمەڵگەش بەهەمان شێوە تێی بگەن و ئاگەدار بن:

| |
|---|
| خۆزگە وەك من تێ گەییوم کوردەواریش وا ئەبوو |
| ئەم فڕوفێڵانە بۆ نانە بە تەحقیق و ثوبووت (زێوەر، 2008، ل85) |

1-ڕابەری و پێشەنگی رەفتارەکان: ئەم دەقە پێشەنگی و ڕابەری خوێنەر دەکات بۆ دوور کەوتنەوە لە نوشتەکردن و پەنا بردنە بەر فاڵچی و نوشتەنووسان، کە هیچ چارەسەرێکیان لا نییە جگە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هیچی تر نییە.

2-وریاکردنەوە: شاعیر خوێنەران وشیار دەکاتەوە لەم جۆرە فڕو فێڵآنەی بە ئێوی جیاوازەوە پەنا بۆ نوشتەکردن دەبردرێت، کەچی مەبەست لێی نان پەیداکردن و شتی تری نا ڕەوشتییە.

3-سروشت و شارەزایی شاعیر: شاعیر توانیوایەتی شارەزایانە رەخنە ئاراستەی ئەم جۆرە کەسانە بکات، کە کاریان نوشتەچی و فاڵکردنە. بەشێوەیەك دەقەکەی داڕشتووە، کە ببێتە پاڵنەر بۆ خوێنەر بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لەم سیفاتە نا ڕەوشتییانە.

**7-بێوەفایی:**

بێ وەفایی یەکێکی ترە لە کردارە نا ڕەوشتییەکان. بەختیار زێوەر لە شیعری (شێرە) لە باسی مرۆڤی بەد کردار و بێ وەفادا، ئەوەی دیاریکردووە، کە ئەم سیفەتە چەندین سیفەتی تری نا ڕەوشتی و شێوازی جیاوازی بێ وەفایی بەدوای خۆی دێنێت وەك (باسکردنی عەیب و عاری خەلك، خواردنی ماڵی خزم بە نا حەق، نەبوونی سیلەی ڕەحم ، قسەی بێ کردار)،کە دەڵێت:

| |
|---|
| بێ وەفا و سپڵە، خائین، نالەبار |
| کەموکووڕیی پیاو ئەبەن شار بە شار |
| ماڵی خزم و دۆست وەك گەزۆ مازوو |
| ئەفڕێنن ئەیخۆن بەزۆری بازوو |
| شیرازەی دۆستی لایان پساوە |
| کەمترین هەڵەی تۆی لەبەر چاوە |
| بە قسە هیچی نەهێشتووەتەوە |
| بەڵام بۆ کردە زوو لێبووەتەوە (زێوەر، 2008، ل140) |

لەم دەقەدا شاعیر کۆمەڵێك کۆدی بەکارهێناوە وەك (بێ وەفا، سپڵە، خائین، نالەبار) پەیوەستکردنی ئەم کۆدانە بە کۆمەڵی کوردەواری دەردەکەوێت، کە کۆدی نا ڕەوشتین. ناوەرۆکی ئەم دەقە باس لە مرۆڤی بێ وەفا و کەسانی سپلە دەکات، کە تەنانەت بەرامبەر کەسانی نزيك و خزم و دۆستان ئەم سیفەتەیان هەیە. ئەم جۆرە کەسایەتییانە بە زمان هەموو شتێك دەکەن کەچی کاتێك دەگاتە کردار هیچیان پێ ناکرێت.

1-ڕابەری و پێشەنگی رەفتارەکان: ئەم دەقە پێشەنگی و رابەری خوێنەر دەکات بۆ دوور کەوتنەوە لە کەسانی بێ وەفا و سپڵە.

2-وریاکردنەوە: وشیاری ئەم دەقە لەوەدایە شاعیر دەیەوێت خوێنەر وشیار بکاتەوە لە کەسانی بێ وەفا و سپلە و خائین، کە ئەم جۆرە کەسانە تەنانەت زیان بە نزیکترین دۆستەکانی خۆیانیش دەگەیێنن.

3-سروشت و شارەزایی شاعیر: شاعیر بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری تاکەکانی کۆمەڵ دەکات بۆ خۆپاراستن لە بوونی ئەم جۆرە کەسانە. بەشێوەیەك دەقەکەی داڕشتووە، کە ببێتە پاڵنەرێك بۆ خوێنەر.

بەختیار زێوەر لە شیعری (تەماشایەکی زەمانە و ئەهلی زەمانە)دا رەخنە لە رۆژگار و ئەهلی زەمانە دەگرێت بەهۆی نەمانی وەفا و بەڵێن و چاکە. هەر لە سەرەتاوە رەخنەی ئەوە دەگرێت،کە بەڵێن و وەفا تەنها بۆتە قسەی سەر زمان و کاری پێناکرێت، کە دەڵێت:

| |
|---|
| چاکە نەماوە عەهد و وەفا بووەتە گفتوگۆ |

**8- بەڵێن نەبردنە سەر:**

بێ بەڵێنی یەکێکە لە ڕەفتارە بەد ڕەوشتییەکان، لەهەمان کاتدا بە یەکێك لە نیشانەکانی مرۆڤی دووڕوو دادەنرێت. وەك پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ((اية المنافق ثلاث, اذا حدث كذب, واذا وعد أخلف, واذا اؤتمن خان))( خرجه البخاري، 33)، واتە نیشانکانی دووڕوو سێ نە، ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، ئەگەر بەڵێنی دا نایباتە سەر. ئەگەر ئەمانەتێکی وەرگرت خیانەتی لێ

دەکات. لە شیعری (تەماشایەکی زەمانە و ئەهلی زەمانە)دا بەختیار زێوەر رەخنە لە رۆژگار و ئەهلی زەمانە دەگرێت بەهۆی نەبردنە سەری بەڵێن، کە تەنها بەڵین دان بووەتە گوفتار و بەبێ ئەوەی کرداری لەگەڵدا بێت، کە دەڵێت:

| |
|---|
| چاکە نەماوە عەهد و وەفا بووەتە گفتوگۆ (زێوەر، 2008، ل75) |

هەروەها لە شیعری (سکاڵای دڵ بۆ ئەستێرەیەکی هاوڕێم) رەخنە لە دواکەوتویی کۆمەڵگە دەگرێت، کە ڕاستگۆیی و بەڵێن بەسەر بردنی تیا نەماوە بەدیارکراوی لەلای خزم و هاوڕێی ژیان، کە دەڵێت:

| |
|---|
| ڕاستی بەڵێن و پەیمان |
| درێغ، چوونەوە ئاسمان |
| لای خزم و هاوڕێی ژیان |
| بێ باوە و ناو و نیشان (زێوەر، 2008، ل116) |

1-ڕابەری و پێشەنگی رەفتارەکان: ئەم دەقە پێشەنگی و ڕابەری خوێنەر دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لە بێ بەڵێنی و پەیمان شکاندن، کە بە رەفتارێکی نا ڕەوشتی دادەنرێت.

2-وریاکردنەوە: شاعیر کۆمەڵگە وریا دەکاتەوە لە کەسانی بێ بەڵێن و پەیمانشکێن، کاتیك رەخنە ئاراستەی ئەهلی زەمانە دەکات، کە خاوەنی ئەم رەفتارەن. بەدیاریکراوی وریاکردنەوەی خوێنەر لە خزم و هاوڕێی ژیان، کاتێك دەڵێت: (لای خزم و هاوڕێی ژیان، بێ باوە و ناو و نیشان).

3-سروشت و شارەزایی شاعیر: شاعیر لەم دەقەدا شارەزا و بیر تیژ بووە لە هەلبژاردنی نەریتێکی خراپی ئەو کاتەی کۆمەڵی کوردەواری ئەویش بێ بەڵێنییە. بۆیە توانیویەتی شیعرەکەی بکاتە ئامرازێك بە مەبەستی وریاکردنەوە و خۆپارستنی خوێنەر لەم دیاردەیە.

**ئەنجام**

1-رەوشت وەك چەمکێکی گشتی بەپێی سەردەم و شوێن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی بەپێی بەها و پێوەرە ڕەوشتییەکان ئەنجامی جۆراوجۆری لێبکەوێتەوە. هەرچەندە ئەمە دەوەستێتە سەر ئەو کۆمەڵگایەی دەقەکەی لێ دروستکراوە یان ئاراستەکراوە، هەروەها دەوەستێتە سەر بۆچوونی نووسەر لەلایەکەوە و بۆچوونی رەخنەگر لەلایێکی دیکەوە بۆ کۆد و بەها رەوشتییەکانی نێو دەق.

2-رەخنەی ڕەوشتی کۆنترین جۆری رەخنەی ئەدەبییە، سەرچاوەکەی بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. ئەفلاتۆن بە بابە گەورەی رەخنەی ڕەوشتی دادەنرێت، کە رەخنەی لە روانگەی ڕەوشتییەوە گرتووە.

3-بەختیار زێوەر بەشێکی زۆری دیوانەکەی تەرخانکردووە بۆ بابەتە ڕەوشتییەکان، واتە دیوانەکەی لە ڕووی ڕەوشتییەوە دەوڵەمەند و تێرە،بەڵام مامەڵەکردنی بەختیار زێوەر لەگەڵ بابەت و بەها ڕەوشتیەکان لە دەقێك بۆ دەقێکی دی جیاوازە.

4-بەختیار زێوەر لە زۆربەی شیعرەکانیدا بە شارەزایی و لێهاتویی بابەتەکانی ئاراستەکردووە. زیاتر ئەو کۆدە ڕەوشتییانەی بەکارهێناوە، کە پەیوەستن بە لایەنی زانست و زانیاری و خوێندەوارییەوە،هەر بۆیە بە شاعیری زانست و زانستپەروەریی ناسراوە.

5-بەختیار زێوەر لە زۆربەی شیعرەکانیدا دەردەکەوێت وەك ڕەوشتناس و کۆمەڵناسێك ئاگەداری باری دواکەتوویی لایەنە خراپەکانی کۆمەڵەکەی بووە. بۆیە شاعیر هەستی بە بەرپرسیاریەتی کردووە و ڕێگەی ئامۆژگاری و ڕەخنەگرتنی لە شیعرەکانی گرتۆتەبەر. واتە رەخنەی لە لایەنە خراپ و ناڕەوشتییەکانی کۆمەڵگاکەی گرتووە و بە ئامۆژگاریکردنەکانی هانی کۆمەڵگای داوە و ڕێگە چارەسەریشی بۆ ئەم مەبەستە خستۆتەڕوو. واتە ڕۆلی چاکسازیکەر و پەروەردەیی و فێرکاری بینیوە. بەڵام هەندیك جار لە کاتی دەربڕینی بۆچوونەکانیدا بۆ بەها ڕەوشتی یاخود ئەو بابەتانەی گرێدراون بە بابەتە ڕەوشتییەکان جۆرە دژیەکیێك لەگەل بینینەکانی کۆمەڵ دروستکردووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە هەندێك لە دەقەکانیدا بەشێوەیەکی کاریگەر رابەری و پێشەنگی خوێنەر بۆ بەها رەوشتییە بەرزەکان نەکات، بەتایبەتە لەو شیعرانەی، کە باسی مەی و مەینۆشی دەکات.

## سەرچاوەکان:

### به زمانی کوردی

**یەکەم: کتێب:**


-قورئانی پیرۆز، الشعراء, 19, 224.

- ئەحمەدی، ساماڵ. (2014) بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی لە زمانی فارسی: سامال ئەحمەدی. (وێلفرێد گیورن، لی مورگان، ئیریەل لێبر) دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی، ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- ئیمامی،د. نەسروڵلا. (2018) بنەما و میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی، وەرگێرانی لە فارسییەوە: سەنگەر نازم و هیمدادحوسێن، چاپی یەکەم، هەولێر.

- برێسلێر ،چارلز (2007) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، وەرگێڕانی: یەعقووبی، عەبدولخالق دەزگای ئاراس، هەولێر.

- حوسێن، دکتۆر هیمداد. (2020) ئەدەبی نوێی کوردی (لێکۆلینەوە و رەخنەی پراکتیکی)، بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاودێر، هەولێر.

- ڕەحمانی،ئەحمەد(2021) تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، وەرگێڕانی: گەردی، سەردار ئەحمەد ،چاپی یەکەم ،

- زێوەر، مەحمود. (2008) دیوانی بەختیار زێوەر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر.

- شەریعەتی، د. عەلی. (2017) ڕەوشت بۆ لاوان و قوتابیان و تازەپێگەیشتووان، وەرگێڕانی: سەعید بەشیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

-عەلی، ئومێد حەمە. (2018) ئەخلاق و زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.

- عەبدوڵلا، سەروەت. (2010) تاوانە ئینتەرنێتییەکان لەنێوان یاسا و ئەخلاقدا، چاپخانەی بابان، سلێمانی.

-کەریم، ئازاد عەبدلواحێد. (2013) سۆسۆلۆژیای ئەدەب لە ڕوانگەی پێوەرە ئاکاری و ئاینییەکانەوە، چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم. کەرکوك.

- کاکی، سەعید. (2014) بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار.چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر.

- الماضي،د شكري عزيز(2010) تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: گەردی، سەردار ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

- مەنتك، حەمە. (2018) میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی. نووسینگەی تەفسیر،


**دووەم: نامەی ئەکادیمی:**


- ئەحمەد، ناسك. (2006) چەمکی ئەخلاق لە نێوان گۆڕان و جێگیریدا، گۆڤاری ڕێنسانس، ژمارە (7) سلێمانی.

- بابایی، مەسعود. (2006) فرێدریش نیچە 1844-1900، بەشی دووەم، گۆڤاری نما، ژمارە (21)، هەولێر.

- غریب، لەنجە عبدالرحمن. (2008) لێکۆلینەوەیەکی شیکاریی لە شیعری بەختیار زێوەر. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.


**سێیەم: گۆڤار:**


-مودەریس، ئازاد. (2005) فەلسەفەی ئەخلاق، گۆڤاری هەژان، ژمارە (16)، سلێمانی.

-نهێلی، نعمت الله حامد. (2019) رەخنا ئەدەبی خواندن و شرۆڤەکرن بۆ تێکستێن کوردی، چابخانا گازی، چاپا ئێکێ.


### به زمانی عەرەبی:

**یەکەم: کتێب:**


- اندريك اندرسون امبرت. (1991) مناهج النقد الادبي, ترجمة: مكي, د الطاهر احمد مكتب الاداب, القاهرة.

- حمود, عباس ثابت. (2011) المعيار الاخلاقي في نقد الشعر العربي من القرن الثالث حتي نهاية القرن السابع, عمان: دار دجلة

- خرجه البخاري، كتاب الإيمان، باب علامة المنافق، (1/ 16)، رقم: (33)، ومسلم، كتاب الإيمان، باب بيان خصال المنافق، (1/ 78)، رقم: (59)

- الدسوقي, د. عبدالعزيز. (1997) تطور النقد الادب الحديث في مصر, المكتبة العربية-الهيئة المصرية العامة للكتاب, القاهرة.

-راغب، نبيل. (2003) موسوعة النظريات الادبية. الطبعة الاولى، مكتبة لبنان-ناشرون, الشركة المصرية العالمية للنشر-لونجمان.

- س. سكوت،ويلبر (1981) خمسة مداخل الى النقد الادبي. ترجمة: اسماعيل, عناد غزوان. و الخلياي جعفر صادق, دار الرشيد للنشر.

-شعراوى (عبدالمعطى). (1999) النقد الادبى عند الاغريق والرومان، مكتبه الانجلو المصرية، القاهرة.

-عبدالرحمن، طه. (2000) سوال الاخلاق- مساهمة في النقد الاخلاقي للحداثة الغربية، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، الدار البيظاء-المغرب.

- العوا, د. عادل. (1962) المذاهب الأخلاقية, عرض ونقد. جامعة دمشق, ط2.

- الماضي، شكرى عزيز. (٢٠١٣ )، في نظرية الادب. دار المنتخب العربي, بيروت- لبنان.

-مرحبا, د محمد عبدالرحمن. (1988) المرجع في تاريخ الأخلاق, الطبعة الأولى, طرابلس-لبنان.

- مسكين, د حسن. (2010) مناهج الدراسات الأدبية الحديثة من التاريخ الى الحجاج، مؤسسه الرحاب الحديثة للطباعة و النشر، بيروت-لبنان.

- موسى، محمد يوسف. (2017) مباحث فى فلسفه الأخلاق. الناشر مؤسسه هنداوى سى اى سى.


### به زمانی فارسی:

**یەکەم: کتێب:**


1-رزمجو، د. حسين. (1366) شعر كهن فارسى در ترازوى نقد اخلاق اسلامى، جلد اول، مؤسسه چاپ و انتشارات استان قدس رضوي, صندوق پستى، مشهد.


**دووەم: گۆڤار:**


1- گراهام هوف، گفتارى در باره نقد، ترجمه: نسرين پروينى، چاپ اول، چاپخانه سپهر، تهران، 1365، ل(38).

2- لئون تولستوى. (1356) هنر چيست؟ ترجمه: دهگان، كاوه ، فصلهاى 17،18، 188تا 203- چاپ ششم تهران- از انتشارات امير كبير و رك: شعر و هنر مقاله هزر و اخلاق.

**3-**مقدم، دكتر علوى. شاعر متعهد كيست و شعر متعهد چيست؟ . مشهد- دانشكده ادبيات. فصلنامه تخصصى ادبيات فارسى دانشگاه آزاد اسلامى مشهد.

**النقد الأخلاقي مثل معيار لتقييم قصائد بختيار زيور**



| هيمداد حسين بكر | باسل تيمور اسماعيل |
|---|---|
| كلية التربية، جامعة صلاح الدين-اربيل | كلية التربية، جامعة صلاح الدين-اربيل |
| hemdad.bakir@su.edu.krd | basl.ismail@student. su.edu.krd |




**ملخص**

تشمل الأخلاق جميع السلوكيات الجيدة والسيئة التي يمارسها الأفراد في المجتمع ، وتغييرهم الجيد والسيئ من مجتمع إلى آخر ، تمامًا كما يتغيرون بمرور الوقت في مجتمع معين. تعتبر الأخلاق من أهم أنواع النصوص الأدبية بشكل عام والشعر بشكل خاص. النقد الأخلاقي هو أهم عمل منطقي وصحيح على محتوى الأعمال الأدبية للتعرف على القضايا الأخلاقية وتحديد كيفية استخدامها وانعكاسها في الأعمال الأدبية. هذه الدراسة محاولة لتقييم كتاب شعر بختيار زور وفق معايير ومبادئ النقد الأخلاقي ، سواء كانت قصائد بختيار زور توجه المجتمع إلى الأخلاق والخير ، أو توجه المجتمع إلى الشر والفسق. من ناحية أخرى ، فإن هذا البحث سيمهد الطريق للنقاد الأدبيين عند تحليل النصوص وفقًا للمبادئ والمعايير الأخلاقية.


**الكلمات المفتاحية:** الأخلاق، النقد الأخلاقي، مبادئ النقد الأخلاقي، تحليل النص الشعري، قصائد بختيار زيوار.

**Moral criticism as a criterion for evaluating Bakhtiar Zewar's poems**


**Hemdad Hussen Bakir**		**Basl Taymoor Ismail**
College of education, department of Kurdish language, Salahadin University-Erbil
basl.ismail@student.su.edu.krd		hemdad.bakir@su.edu.krd



**Abstract**

Ethics includes all the good and bad behaviors that individuals perform in society. Their good and bad change from one society to another, just as they change over time in a particular society. Morality is considered to be one of the most important genres of literary texts in general and poetry in particular. Ethical criticism is the most important, logical and correct work on the content of literary works to identify ethical issues and determine how they are used and reflected in literary works. This study is an attempt to evaluate Bakhtiar Zewar's poetry book according to the criteria and principles of moral criticism, whether Bakhtiar Zewar's poems direct society to morality and goodness, or direct society to evil and immorality. On the other hand, this research will pave the way for literary critics when analyzing texts according to ethical principles and criteria.


**Keywords**: Ethics, Ethical Criticism, Principles of Ethical Criticism, Poetic Text Analysis, Bakhtiar Zewar's Poems.